# خەڵاتی پارەزانی بۆ نووسین و وەرگێڕان

**ساڵی یەکەم**

١٤٣٠ك- ٢٠٠٩ز

بە سەرپەرشتیی:

**پەیمانگای جیهانیی فیکری**

**ئیسلامیی**

**و**

**پرۆژەی تیشک**

## بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان

### پێشەکی

(ن وَالْقَلَمِ وَمَا يَسْطُرُونَ)



بوونی نەتەوە بە زمانە و مانەوەی زمانیش بە نووسین، نووسینیش ئەو نووسینەیە کە برەو بە بیر و ئەندێشە و بایەخەکان بدات و مرۆڤی لەسەر پەروەردە ببێت. لەم رەهەندەوە زمان پەیوەست دەبێت بە پەروەردە و بانگەواز و رابوونی نەوەی نوێمانەوە. بە شێوازێکی تر ئەو رابوون و بەرخۆدانەی ئەمڕۆ لە کوردستان پەلوپۆی هاویشتووە و گەشەی سەندووە، لە سەرەتادا بە نووسین و بە پەروەردە و بانگەواز و کاری چالاکانەی کەسانێك دەستی پێکردووە، کە بە چاکی لە رۆڵ و کاریگەریی قەڵەم و قەڵەمبەدەستان حاڵیی بوون و ئەو بەرپرسیارێتییە مێژووییەی سەرشانی نووسەریان دەرك کردووە و ژیانی خۆیانیان تەرخان کردووە بۆ تێگەیاندن و پێگەیاندنی رۆڵەکانی گەل. ئەو کەسانەی بوونە پێشەنگ و ئاڵاهەڵگری مەیدانی بەخۆداهاتنەوە و خۆناسین و لە سەردەمانی ونبوون و بێسەنگیدا بوونە زەنگی وریابوونەوە و پرسەنگیی و هاوسەنگیی گەلەکەمان.

کاروانی وشەی ڕەسەنی کوردی لەو ساتەوەختانەوە کە بزاوتووە و لەم کوردستانە ڕەوی کردووە، بە تەواوی قەرزداری هەوڵ و تێکۆشانی ئەو کۆمەڵە زانا و دانا و ڕۆشنبیرە بەئەزموونەیە، کە لە گۆشە و کەنارە جیاکانەوە بڕیاری ژیانی ناو تۆماری نووسین و فەزای پڕلەمانای فیکر و ئەندێشەیان دا و نەخشەی ژیار و ژیانێکی ژیرانەیان بۆ ئەم گەلە کێشا و هەریەك لە ڕەهەندێکەوە هاتە سەر بارهێنان و پەروەردە و پێگەیاندنی نەوەی نوێ، واتە توانییان لە مەودایەکی کاتیی دیاریکراودا بپەرژێنە سەر بابەتە زیندووەکانی بیری کوردی، لە ئایینناسی و مرۆڤناسی وزمان و ئەدەبەوە بگرە تا زانستەکان و کەلتووری کوردەواری و مێژووی کورد و کوردستان، هەرکام بە ڕێژەیەك ڕۆڵی بینی و کاریگەریی لەسەر هاوچەرخان و نەوەکانی دوای خۆی دانا.

کەسانی وەکوو نوورسی و مەلای گەورە و شێخ محەممەدی خاڵ و مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس وعەلائەددینی سەججادی و مەسعوود محەممەد چەند ڕەمز و سمبولێکی نەتەوەیی و ئاینیی ئێمەن و سەرمایەی مێژوویی گەلێکن کە ئەمڕۆ بەو ڕەسیدە فیکری و مێژووییەوە بە دوای جوگرافیا و کیانێکی سیاسیدا دەگەڕێت.

هەموو ئەو نووسینانەی لە سەرەتا و ناوەڕاستی سەدەی ڕابردووەوە، تەلاری نووسین و کتێبخانەی کوردییان بەرهەم هێناوە، بوونە دەستپێکی بزاڤێکی هزریی و مەعریفیی وا کە ئەمڕۆ بە ڕێز و نەوازش و حورمەتەوە لە خاوەنەکانیان بڕوانین و بیانکەینە سەرمەشقی نووسەرانی خۆماڵیمان چ بۆ ئەمڕۆ و چ بۆ دواڕۆژ.

یەك لەو ناوە هەمیشە زیندووانەی ناو کاروانی نووسینی ڕەسەنی کوردی بە گشتی و پەڕاوخانەی ئیسلامیمان بە تایبەتی، بریتییە لە مامۆستا شێخ عەزیزی پاڕەزانی، خاوەنی یەکەمین ژیاننامەی پێغەمبەری خۆشەویست (دروودی خوای لەسەربێت) بە زمانی کوردی، کە بە کۆڕای بیرمەندان و نووسەرانی ڕابوون و بانگەوازی ئیسلامیی کوردستان ڕچەشکێن و پێشەنگی نووسینی ئیسلامناسی و ئیسلامخوازییە بە زمانی کوردی، بە قەڵەمی ڕەوان و بیری فراوان، نەوەیەکی بڕواداری خاوەن ناسنامەی ئیسلامەتی بۆ ئەم گەلە پەروەردە کرد، بە جۆرێك دەتوانین بڵێین زۆرێك لە هەڵسووڕاوانی بانگەواز و پەروەردەی ئەمڕۆمان دەستنەمامی فێرگەکەی ئەون و بە سەرمەشقوەرگرتن لە نووسینەکانی ئەو هاتنە سەر نووسین و قەڵەمیان بۆ بەرگری لە ڕاستییەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام گرت بە دەستەوە.

هەربۆیە کۆمەڵێك لە ڕۆشنبیران و نووسەرانی ئیسلامخوازی ئەمڕۆی کوردستان بیریان لە داهێنانی خەڵاتێکی ڕێزلێنان بە ناوی (مامۆستا پاڕەزانی) کردەوە، بۆ یادەوەریی ئەو زانا و بیرمەندە خۆشەویستە، وەك پێشەنگی نووسینی ئیسلامخوازانەی کوردستان هەروەها وەك بایەخدان بەو زانا و نووسەرە بەڕێزانەی تاکوو ئێستاش، خەریکی دەوڵەمەند و فراوانکردنی رووبەری کتێبخانەی کوردین بە بەرهەمە بەهێز و بە پێزەکانیان، لە بوارە زیندووەکانی بیر و ئەندێشە و زمان و ئەدەبی بەرز و هەروەها لە برەودان بە زانستە گرنگەکانی ئیسلام.

لە ئەنجامدا گەیشتنە ئەو بڕیارەی کەساڵانە خەڵاتێکی ڕەمزی بە ناوی (پاڕەزانی) دەستنیشان بکرێت و بدرێتە کەسانی شیاو و بەرجەستەی ئەو بوارانەی دیاریی کراون.

ئەم خەڵاتە لە ڕاستیدا بۆ بایەخدانە بەو قەڵەمە کاریگەر و دڵسۆزانەی کە نەخشە بۆ مانەوە و پتەوبوونی پێگەی زمان و نەتەوە و ئاینی ئەم کوردستانە دەکێشن و لە هەمان کاتدا بۆ هاندانی نووسەرانی لاوی خۆماڵییە بۆ درێژەدان بە ڕەوتی ئەم کاروانە پیرۆز و خوداییە. بە عیبارەتێکی تر ئەم خەڵاتە بۆ ڕێزگرتنە لە وشەی ڕاست و ڕستەی ڕاست و بیری ڕەسەن و هەڵوێستی دروست و خواپەسەندانە، کە لە کەسایەتیی مامۆستا پاڕەزانیدا بەرجەستە بووبوون.

## پێشەکی

جگە لەوەی تەئکیدی مشوورخۆرانی ئەم خاك و وڵاتەیە لەسەر پێکەوە پەیوەستبوونی ئینتیمای ئیسلامییانە و بوونی نەتەوە و ڕەوایی بزاڤی رۆشنبیری و سیاسیی گەلەکەمان، بە بەکارهێنانی میکانیزمی مۆدێرن و کاریگەر.

دیاریکردنی ئەو کەسایەتیانەی لە یەکەمین ساڵی بەخشینی خەڵاتەکەدا لەسەر چەند بنەمایەکی بابەتیانەی واقیعی بووە و هەرگیز بە مانای ئەوە نییە کە تەنها ئەم شۆڕەسوارانە لەم مەیدانەدا هەن، چونکە شۆڕەسواری تریشمان هەن و هەرهەمووشیان جێگەی ڕێز و بایەخن، بەڵام ئێمە لە ریزبەندیدا هاتینە سەر هەڵبژاردنی ئەم بەڕێزانە وەك نموونە و پێشەنگ و هیواداریین بتوانین لە ساڵانی داهاتووشدا، ژمارەیەك نووسەر و کەسایەتی تیکەش بناسێنین بە ناوەندی رۆشنبیریی گەلەکەمان و ئەوانیش لە ئاهەنگێکی شکۆداردا خەڵات بکەین.

لە خوای گەورە داواکارین، ئەم کارە مایەی رەزامەندیی خۆی و مایەی بەهرەمەندیی کاروانی نووسین و وەرگێڕان بێت لە کوردستان و سەرەتایەکی رۆشن و پرشنگداریش بێت، بۆ ناساندنی نووسەران و بیرمەندان و وەرگێڕانی خاوەن ئەزموون و بە هەڵوێستی گەلەکەمان.

**لیژنەی ئامادەکار**

## پوختەیەك لە ژیاننامەی مامۆستا پاڕەزانی

ن: حەسەن مەحمود حەمە کەریم



شێخ عەبدولعەزیز کوڕی شێخ ئەمین شێخ ئەحمەد پاڕەزانییە، لەبنەماڵەی شێخ ئیلیاسە، ساڵی (١٩٢٨) لە دێی (پاڕەزان)سەر بەناحیەی (بەرزنجە) لە قەزای چوارتا و پارێزگای سلێمانی لەدایك بووە، هەر لە تەمەنی حەوت ساڵیەوە باوکی دەیخاتە بەر خوێندنی حوجرە، پاشان دەچێتە دێی (دۆڵپەمو) نزیك پاڕەزان، ئاستێکی باش لە زانیاری دەست دەخات، چەند حوجرەیەکی تر لەوناوەدا دەکات. چەند جارێك بیانوو بەباوکی دەگرێو دەڵێ ناخوێنم، باوکی چەند کارێکی قورس وەك شوانی پێ دەکات تا بێزار دەبێت، دەڵێ دەچم بۆ فەقێیەتیەکەم، باوکی ژیانی فەقێیەتی بۆ دابین دەکاتو بەراوێکی بەپیتی بۆ وەقف دەکات، دەڵێ واریداتی ئەم بەراوە بۆ خوێندن و گەڕان و مەسرەف و جلو بەرگی تۆ، ئەویش ئەمجارە بەگەرموگوڕی خەریك دەبێت، چەندەها حوجرەی ناوچەی شاربازێڕ دەگەڕێ، هەتا زانیارییەکی زۆر کۆدەکاتەوە و تەمەنی گەورە دەبێت، کە دەبیستێ لەناوچەی هەڵەبجە حوجرە ومەلای گەورەی لێیە، خۆی دەپێچێتەوە و لەپاڕەزانەوە ئەو ڕێگە دوورە دەبڕێو لە مزگەوتی مەلا ساڵح لە گەڕەکی کانی عاشقان لە بەردەم زانا گەورەکاندا چۆك دا دەدات، هەتا دوا چۆڕی ئەوەندەی زانستی شەرعی لەوناوەدا هەبوو فێر دەبێت، ڕەنگە پاڕەزانی لە ساڵی (١٩٤٢ – ١٩٤٥) هاتبێتە هەڵەبجە، لەو ساتەوە هەتا لە نێوان ساڵانی (١٩٥٢) لەبەردەوام مامۆستا مەلا ساڵحی گەورەو مامۆستا مەلا عەسماندا هەموو وانەکانی فەقێیەتی تەواوکردووە، ساڵی (١٩٥٢) ئیجازەی مەلای دوانزە عیلمی لەسەر دەستی مامۆستا مەلا ساڵح وەرگرت، لەبەرناوداریو ناوبانگی زیرەکی، جێگەی ئیعجابی هەمووان بوو، (حاجی مستەفای تەفی سەفا) کە کەسایەتییەکی ناوداری شارەزوور بوو، مامۆستایانی مزگەوتی زۆر خۆشدەویستو مەسرەفی هەندێ حوجرەی دەکرد،حەزی بەخێرخوازی بوو چەندین مزگەوتی

کردبوویەوە، زۆر لە مزگەوتەکانی شاری هەڵەبجە زەوییەکانی بەپارەی ئەو کڕابوون، بەزیرەکی مەلا عەزیزی پارەزان سەرسامبوو، بۆیە هەرکەزانی پارەزانی ئیجازەی وەرگرتووە لەکۆمەڵێ مامۆستایان چووە پێشەوەوتبووی من مزگەوت ومەدرەسەی لەدێی خۆماندا بۆ دەکەمەوە واتە(تەپی سەفا) ئەوانیش ڕازی بوون، چووە ئەوێیەوبووە خاوەنی مزگەوت و مەدرەسەو هەموو مەسرەف لەسەر حاجی مستەفا بوو، حاجی مستەفا داوای لێکرد فەقێ کۆکاتەوە وتی: حوجرەت بۆ دروست دەکەم، مامۆستا پارەزانی وتبووی من خۆم فەقێ هەڵدەبژێرم و هەمووکەسم ناوێ، وتبووی لە (دە) فەقێ زیاتر ڕاناگرم، دوای هەڵسەنگاندنو تاقیکردنەوە (دە) فەقێی زیرەکی ناوچەی هەڵبژاردو لە تەپی سەفا دەستیکردە وانە وتنەوە

کە پارەزانی هاتە هەڵەبجەو لەوێ گیرسایەوە و پێگەیی و گەورە بوو، مامۆستا مەلا عومەر عەبدولعەزیزبەزیرەکی و بلیمەتی مامۆستا پارەزانی سەرسامبوو، حەزی نەکرد لێی دوورکەوێتەوە، هەربۆیەبڕیاریدا کچە گەورەکەی خۆی کە ناوی(خاتوو نەجیبە) بوو بەخشیە پارەزانی، حاجی مستەفاش بڕیاریدا ئەرك و مەسرەفی شایی و گواستنەوەو جێو ڕێگەی بخاتە سەر ئەستۆی خۆی، بەوجۆرە بۆی گواستەوە، بۆ (تەپی سەفا) ئەمە لە ساڵی (١٩٥٤) دابوو، ساڵی (١٩٥٣) دەچێتە سلێمانی و لای میریش تاقیکردنەوەو ئەوقاف دەکاتو بە یەکەم دەردەچێو بەڵگەی ڕەسمی دەوڵەتیش وەردەگرێو بەڕەسمی دەبێتە مەلا.

حاجی مستەفا پارچەیەك زەوی دابویە کە بەرهەمی بهێنێ بۆ خۆی و سودی لێببینێ، بەڵام کە حکومەتی پاشایەتی ڕوخا و کۆماری پێکهات (١٩٥٨)، شوعیەکان دەسەڵاتیان هەبوو و یاسای ئیسلاح زراعی دەرچوو، زەوی و زار سەنرایەوە لە خەڵكو جارێکیتر دابەشکرایەوە، زۆر لە موڵکەکانی حاجی مستەفا دەستیان بەسەرداگیرا، شیوعیەکان لە خورماڵ داوایانکردبوو لە پارەزانی کە ئەگەر نەیەتە خورماڵو پەنجەمۆر نەکات بۆیان زەوییەکەی نادەنەوە، ئەویش نەیکرد، حاجی مستەفاش زەوی بەدەستەوە نەماو توانای بەخێوکردنی مەلاو حوجرەی نەما، پارەزانی ناچار بوو بەخاوو خێزانەوە باریکرد بۆ شاری سلێمانی و لە ساڵی (١٩٥٩)دا لای حاجی قادری جەباری بووە نووسەر(کاتب)، لە مزگەوتی سەید حەسەنیش بووە پێشنوێژ.

مامۆستا کەسێکی زمان شیرین و قسە خۆشو دەم بەخەندە و ڕوخۆش بوو. لەبارەیا هەبوو وەك وێنەی خۆی و زیاتریش ببێتە زانایەکی بەناوبانگ لە جیهاندا، بەمەرجێ وەك ئەوان جێگای تدریس و شوێنی ژیانی ئاسودەیی بۆ بڕەخسایە، بەڵام سەد مەخابن، چونکە ئەو لە پارەزانی ناوچە شارباژێر ژیابوو، ئالودەی ژیانی شارەزووری ئەو سەردەمە نەبوو بوو، ژیانی ئەوێی پێنەکەوت، جگە لەوە مامۆستا توشی نەخۆشی دڵ بووبوو کەوایکرد هەم لە (تەپی سەفا) هەڵکەنرێ و لەولاشەوە کاری مەلایەتی و حوجرە و فەقێ بگوازێتەوە بۆ بواری پەروەردەو ببێتە مامۆستای قوتابخانە، هەربۆیە ساڵی (١٩٥٩) دەچێتە خولی پەروەردە و بە پلەی دووەم دەرچوو بوە مامۆستای سەرەتایی.

بەم جۆرە مەلا عەزیز پارەزانی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری مەلادا چونە دەورەی پەروەردەو خۆیان کردە مامۆستای سەرەتایی، ئەوسا دەتوانێ، مامۆستا بێتو ڕۆڵی مەلاش ببینێ لەڕوونکردنەوەی شەریعەتی ئیسلام... بەو جۆرە مەیدانی کارکردنی مامۆستا پارەزانی فراوان بوو، لەمەوپێش لە نێو فەقێ و مەلاکاندا دەبینرا و جبەو مێزەری بەسەرەوە بوو، لەسەرەتای شەستەکانەوە ئەو شێوازەی گۆڕاو بوە ئەفەنی و ژمارەیەکی زۆر مامۆستای قوتابخانەکانی لەدەوری خۆی کۆکردەوە.

له شەوی پێنجشەممەی ڕێکەوتی (٢٢/٢٣ – ١٢–١٩٧٦)دا له تەمەنی ٤٨ ساڵیدا وەفاتی کرد.

بەرهەمەکانی:

أ ـ بە زمانی کوردی:

١– نموونەیەك له ئیسلام – یەکەم بەرهەمیەتی –٩٢ لاپەڕەیە ساڵی ١٩٦٨ چاپ کرا.

٢– پێنج پایەکانی ئیسلام – ١١٦ لاپەڕەیە، ساڵی ١٩٦٩ چاپکرا.

٣– لەدەروازەی ئیسلامەوە – ١٧١ لاپەڕەیە ساڵی ١٩٧٣ چاپکرا.

٤– ژیانی پێغەمبەری مەزن –٥٠٣ لاپەڕەیە، ساڵی ١٩٧٣ چاپکرا.

٥– پاشکۆی ژیان – ١٥١ لاپەڕەیە، ساڵی ١٩٧٩ دوای خۆی چاپکرا.

٦– خێزانی بەختیار و کۆمەڵی کامەران – ٧٢ لاپەڕەیە، ساڵی ١٩٧٥ چاپکرا.

٧– کوڕێکی لاسارو باوکێکی هەژار – له ئێران ساڵی ١٩٨٣ چاپکرا.

٨– ئیسلام بەرنامەی ژیانە –بەراوردێکە لە نێوان بەرنامەی سەرمایەداری سۆشیالیستیو ئیسلام، دەست نووسە.

٩– ئیسلام کارە نەك تەمەڵی.

١٠– دووخەربزە بەدەستێك هەڵناگیرێ.

ئەم دوو نامیلکەیە پرۆژی (تیشك) لە بەرگێکدا ساڵی (٢٠٠٧) چاپی کردن بە ناوی (ئیشکردن نەك تەمەڵی).

ب ـ بە زمانی عەرەبی:

١ـ أصناف الناس في مقايس القرآن ـ مجلة التربية الإسلامية ـ العدد (٧). سنة ١٩٦٨.
٢ـ البابية والبهائية ـ مجلة التربية الإسلامية، العدد (١٠) سنة ١٩٦٨.
٣ـ الوعظ والإبتعاض ـ مجلة التربية الإسلامية، عدد(٥) سنة ١٩٧٠.
٤ـ الإسلام والمرأة ـ مجلة التربية الإسلامية ـ سبعة أقسام ـ في الأعداد (٧ ـ ٨ ـ ٩ ـ ١٠ ـ ١١) سنة ١٩٧٠.

## وتەی بنەماڵەی مامۆستا پاڕزانی

بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

سڵاوی خوای گەورەتان لێبێت..

بەناوی بنەماڵەکەمانەوە, سوپاس و پێزانینی خۆمان, ئاراستەی هەردوو دەزگای خۆشەویست, پرۆژەی تیشك و پەیمانگای جیهانیی فیکری ئیسلامیی دەکەین, بۆ ئەو ڕێزو پێزانینە بەرزەی کە بەخشیانە ئێمەو باوکی خوالێخۆشبومان, ئەم پرۆژە ناوازە بەنرخەیان بە ناوی باوکی ئێمەوە ناو نا.

ئەمە ئەگەر شتێك نیشان بدات, هەر ئەوە دەڵێت کە شوکور بۆ خوا دەزگا ڕۆشنبیرە ئیسلامیەکان بەردەوام لە برەوو گەشەو پێشکەوتن و تازەگەری و نوێخوازی و داهێناندان. بەردەوام زەین و بیرو عەقڵیان کراوەیەو دەتوانن داهێنان بەرهەم بهێنن و پرۆژەی نوێ پێشکەش بکەن..

خۆشەویستان.. وەك هەموو دەزانن مامۆستا پاڕزانی کەسایەتیەکی نوسەرو ڕۆشنبیرو بانگخواز و داهێنەر بوو, شەوو ڕۆژی خستبوە سەر یەك هەتا چەند بەرگە کتێبێکی ئیسلامی بە زمانی شیرین و پاراوی کوردی نووسی و پێشکەش بە لاوە خوێنگەرمەکانی گەلەکەمانی کرد, هەتا بیخوێننەوەو پێی هەڵسنەوەو ئاینەکەیان بە گەورە ڕا بگرن, سوپاس بۆ خوا لاوان بە ئەرکی خۆیان هەستان, نرخی ئاینەکەیان بەرز ڕاگرت, چەند دەزگای ڕۆشنبیری

ئیسلامییان دامەزراند, دەیان کتێبی بەنرخیان لە بیرو فیکرو مێژوو زانستە ئیسلامیەکاندا خستە کتێبخانەی کوردیەوە, وا ئێستەش هەر ئەو لاوە بە ئەزموونانە ئەم خەڵاتەیان بەناوی پارەزانیەوە دامەزراندوە, خەڵاتی نوسەرە داهێنەرە دەسترەنگینەکانی پێدەکەن و, لە توانایاندا هەیە وەك خەڵك زیاتر بکەن, دەتوانن کەسانی شایستە هەڵبژێرن و خەڵاتی ئاوا پێشکەش بکەن, هانی نوسەران بدەن زیاتر خەریکبن و شاکاری مەزن بەرهەم بهێنن و ڕێی پارەزانی درێژە پێ بدەن، زۆر سوپاستان دەکەین, خوا پاداشتی خێری ماندوبونتان بداتەوە بۆ ئەم ڕێزە بەنرخەی کە بە باوکی ئێمەتان بەخشی.

والسلام علیکم ورحمە الله وبرکاتە..

بنەماڵەی مامۆستا پارەزانی

## مامۆستا نوری فارس حەمەخان



ناوی (نوری فارس حەمەخان حەسەن)ەو سەر بە تیرەی ڕۆغزایی جافە، لە گوندی برایماوای سەر بە ناوچەی قەرەداغ لە (١-٧-١٩٣٤) هاتۆتە دنیاوە، لە دایك و باوکێکی ئایینپەروەر و نیشتمانپەروەر لە دایك بووە، ئامینەخانی فارس ئاغای حسێن ئاغای مارف ئاغای دایکی لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندی قەڵاچوالان بووە، فارس ئاغای باپیری یەکێك بووە لەشۆڕە سواران و پیاوە قارەمانەکانی شێخ مەحمودی حەفید، لەشەڕی ئاوباریکدا ڕۆڵێکی مەزنی دیووە، تەنانەت لەو شەڕەشدا ئامۆزایەکی فارس ئاغا کەزاواشی بووە شەهید دەکرێ، بێ لەهەموو ئەمانەش مام فارسی باوکی سەربازێکی گورج و گۆڵی شێخی نەمر دەبێ و لەکاتی لێپرسراوی و سەربازیشی (وسوئاغا)دا جوامێرییەکی زۆری نواندووە، مامۆستا نوری خوێندنی لای مامۆستا مەلا محەمەدی تاڵ کە لە گوندی برایماوا بووە دەست پێدەکات، دوایی هەر بۆ خوێندن زۆر لە مزگەوتەکانی (سەرزەلو تەنگەسەرو هەرگینەو قەلاسورەو دێ ڕەشەو مەملەحە) دەچێ، تا لە ساڵی (١٩٤٨)دا دێتە سلێمانی لە حوجرەی مەلا ئەحمەدی گرگاشەیی کە کەوتبووە لای خانەقای مەحوی و حەمامی سورەتەوە لە خوێندن بەردەوام دەبێت، مامۆستا بۆ تەواوکردنی خوێندنی زۆر لە حوجرەو مزگەوتەکان گەڕاوە وەك:

* ئەو مزگەوتو خوێندنگایانەی مامۆستا لێی خوێندوویەتی.

أـ دەرەوەی شاری سلیمانی:

لە حوجرەکانی پریس، هەڵەبجە، چوارتا، عەربەت، بیارە، کۆڵێتان – کەرکوك، لە بەغدایش فەقێیەتی کردووە.

ب ـ ناوشاری سلێمانی:

لە حوجرەی مزگەوتەکانی قەرەچێوار، مەلاحسێنی پیسکەندی، شێخ سەلام، بن تەبەق، حاجی حان، خانەقای مەولانا خالید، تەکیە رووتە، شێخ مستەفای نەقیب، خانەقای مەحوی، دەخوێنێ، دواتریش هەرلەو خانەقایەدا زۆری خوێندنەکان تەواو دەکاتو سەرئەنجامیش لەلای خوالێخۆشبوو شێخ مەلا ئەسعەدی مەحوی ئیجازەی مەلایەتی وەردەگرێت.

مامۆستا ئەم كتێبە ئاینییانەی هەر لە قۆناغی فەقێیەتی تا موستەعیدی كە لەمزگەوتەكاندا دەخوێنران، خوێندووە.

قورئانی پیرۆز، ئەحمەدی، ئەیشودە، كەریما، گوڵستان، بوستان، حافیز، ئەساسی سەعادەت، ئیقبالنامە، ئیمانو ئیسلام، فەتحولقەریب، تەسریفی زنجانی، عەوامیل، ئوجرومییە، ئەنموزەج ئیزهار، فەنناری، عەبدوڵڵا یەزدی، وزووح، ئیسیعارەی سیوتی، تەسریفی مەلا عەلی، كافییە، جامی، شەرحو ئەلعەقائد، گەلنبەوی ئاداب، گەلنبەوی بورهان، موختەسەری مەلا سەعید، لوبولئوسوڵ، جەمعولجەوامیع، تەهزیبولكەلام ـی شێخ قادری موهاجیری، تەشریح رسالەتولحساب، توحفە، تەفسیری بەیزاوی، فەرائیز، عورووز، لەگەڵ زۆری ئەو حاشیەو پەراوێزانەی لەسەر ئەم كتێبانە نوسیویەتی: ئەتەلی، موحەرەمە، فەندی، لاری، چۆڕی، قزلجی، پێنجوێنی.. كە زۆری فەقێو مەلایانی ئەمڕۆ لەو سەرچاوە زانستییانە بێئاگان!

**مامۆستاكانی مەلا نوری**

مامۆستا مەلا نوری هەر لەسەرەتای فەقێیەتییەوە تابوونی بەمامۆستا، ئەو كتێبە ئاینییانەی لەلای ئەم مامۆستا بەڕێزانە خوێندووە: مەلا محەمەدی تاڵ، مەلاعەلی سەرزەلی، مەلا قادری عەربەتی، مەلا محەمەدی دێگەڵە، مەلا محەمەدی كۆلێتانی، مەلا شێخ عەزیزی پاڕەزانی، شێخ محەمەدی خەتیب (قەرەداغی). مەلا مستەفای زەڵمی (دكتۆر مستەفا زەڵمی)، شێخ محەمەدی خاڵ، مەلا عەبدوڵڵای چروستانی، مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس، شێخ مەلا ئەسعەدی مەحوی.

لەو گەورە پیاوانەی ئەم مامۆستایە بەخزمەتییان گەیشتووە وەك: شێخ مەحمودی حەفیدزادە، شێخ قادر، شێخ لەتیف، شێخ باباعەلی، حەپسەخانی نەقیب، عائیشە خانی نەقیب، ئامینەخانی سەرزەل، مەلیك فەیسەڵی دووەم، سەعید قەزاز، شێخ ئەحمەدی بارزانی، مەلا مستەفای بارزانی، عەبدولسەلام عارف، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، مام جەلال تاڵەبانی، مەعروف بەرزنجی. مەلا ئەسعەدی مەحوی، شێخ محەمەدی خاڵ، شێخ عەلائەدینی بیارە، شێخ عوسمانی كوری، شێخ ئەمجەد زەهاوی ـ عەلائەدین سەججادی، مەلا مەجیدی قوتب، مەلا محەمەدی قزڵجی، شێخ محەمەدی قەرەداغی (خەتیب).

لە سوپای عێراقدا ماوەیەكی باش ئیمام تابور بووە خەڵكێكی زۆری لە گەورە پیاوانی سوپای عێراق و ئیمام تابورەكانی سوپای عێراق ناسیوە.

بەرهەم و كتێبە ئاینیەكانی:

- وەرگێڕانی: التاج: **الجامع للاصول لأحاديث الرسول** (١٠) بەرگە، چاپ كراوەو كۆی لاپەڕەكانی زیاتر لە (٥٠٠٠) لاپەڕەیە.
- وەرگێڕانی **رياض الصالحين**، (٤) بەرگەو چاپكراوە، لاپەڕەكانی نزیكەی (١٤٢٤) پەڕەیە.
- بەكوردیكردنی دوو بەرگی (**الفقه الميسر**)لە (٣) بەرگدا چاپكراوە.
- بەكوردی كردنی تەواوی موختەسەری صەحیحی بوخاری كەچوار بەرگی چاپكراوەو بەرگێكی ئامادەی چاپە.
- مەولودنامەی پێغەمبەر (**الشمائل المحمدية**) كورتە ژیانی پێغەمبەرە بەكوردی، چاپكراوە.
- وەرگێڕانی كيف نتعامل مع السنە، دانراوی (**د.يوسف القرضاوي**)یە چاپكراوە.
- بين يدى كتاب الله تعالى كەبەزمانی عەرەبییە لەگەڵ شەرحەكەیدا لە زانستەكانی قورئانی پیرۆز.

- شەرحکردنی گەلنبەوی ئاداب، کە عەرەبییەو بەئیستنساخ بڵاوکراوەتەوە.
- العقائد الرحمانیە، دانراوی شێخ مەلا ئەسعەدی مەحوییە، باسێکی شەرعیو ئایینیە، بەزمانی عەرەبی تەحقیقکراوەو چاپکراوە.

بەرهەم و کتێبە ئەدەبیەکان:

- بەکوردیکردنی شاکاری (البؤساء – کلۆلان)ی ڤیکتۆر هۆگۆ.
- الصدی الحاکی عەرەبییە لەسەر شێوەی (الایام)ی دکتۆر تەها حسێنو (حیاتی)ی ئەحمەد ئەمین نوسراوە.
- عوروزی کوردی، (٢) بەرگەو بەرگی یەکەمی چاپکراوە، ئەم کتێبە نوێترینو باشترین کتێبە لەبابەت عورووزی کوردییەوە.
- فەرهەنگی کەرکوك: عەرەبی – کوردییە، ئامادەیە بۆ چاپ.
- دیوانێکی شیعر.
- جاشنامە: دەربارەی مێژووی جاشو (الجحوش)ەکانە لە کوردستانداو ئامادەیە بۆ چاپ.
- کۆکردنەوەی زۆری ئەو نووسراوانەی لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بە کوردی و عەرەبی بڵاوبوونەتەوە.

مامۆستا ئەم کتێبانەشی کە بریتین لە (٧) کتێبی ڕۆشنبیریی تەندروستی، لەروانگەی دەستوورەکانی ئاینی ئیسلامەوە بە هاوکاریی و یارمەتیدانی وەزارەتی ئەوقافی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوە تەندروستییەکانی جیهانی بەچاپ گەیاندوون:

- زیانی جگەرەکێشان و بڕیاری شەرع لەبارەیەوە.
- ئاو و تەندروستی لەئیسلامدا.
- سەربڕاوەکان (الذبائح فی الاسلام).
- ڕۆڵی ئایین و ڕەوشتی بەرز بۆ نەهێشتنی ئایدز.
- تێگەیشتن لە کرۆکی تەندروستی.
- تەندروستیی ژینگە لە تەرازووی ئیسلامدا.

لەگەڵ کەسانی تریشدا هاوبەشیی ئەم کتێبانەی کردووە:

- چۆن زەکاتی سامانەکەت دەدەی؟ لەگەڵ دکتۆر محەمەد عەلی قەرەداغی.
- پەروەردەی مندالٚ، لەگەڵ مامۆستا نەشئەت غەفور.
- پەراوەکانی پەروەردەی ئاینی، لە پۆلی چواری سەرەتاییەوە تا دوا قۆناغی پەیمانگاکان، لەگەڵ لیژنەیەکی تایبەتی پەروەردەدا.

ئەم مامۆستایە لەگەڵ ئەوەشدا کە خانەنشین بووە، لە ئێستادا مامۆستایە لە پەیمانگای ئیسلامیی کوردستان لە شاری سلێمانی، هەروەها ئەندامی ئەنجومەنی زانستی باڵایە لە وەزارەتی ئەوقاف، جگە لەوەی سەرقاڵی

دەرسوتنەوەی هەندێ لە خوێندکارانی ئایینیە لە ماڵەوە، هەروەهاش خەریکی نووسینەوەی هەندێ لە بیرەوەریی و یاداشتەکانی خۆیەتی.

## مامۆستا جەمال عەبدول



* بەرەبەیانی ڕۆژی سێشەممەی (١٨/١٠/١٩٤٠)، لە گەڕەکی سەرشەقام لەدایك بووە.

* ساڵی (١٩٦٢–١٩٦٣)، بەشی کیمیای کۆلێجی پەروەردەی زانستگای بەغدادی تەواوکردووە.

* ڕۆژی (١٢/١/١٩٦٤)، بووەتە مامۆستای ناوەندی شۆڕش لە سلێمانی.

* ساڵی (١٩٦٧)، بووەتە یاریدەدەری بەڕێوەبەری ناوەندی شۆڕش.

* ساڵی (١٩٦٨)، داوای بوونە یاریدەدەری بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی لێکراوە، بەڵام نەیکردووە!

* ساڵی (١٩٦٩)، بووەتە یاریدەدەری بەڕێوەبەری ئامادەیی سلێمانی کوڕان.

* ساڵی (١٩٧٠)، بووەتە یاریدەدەری بەڕێوەبەری ناوەندیی کاوە.

* ساڵی (١٩٧١)، بووەتە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی.

* ساڵی (١٩٧٣)، لەلایەن بەڕێوەبەری ئەوسای پەروەردەی سلێمانی (بەڕێز مامۆستا سامی حسەین نازمەوە) داوای لێکرا ببێتە یاریدەدەری بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی بۆ کاروباری نەخشەدانان (پاشان بینینی دەورەیەکی شەش مانگی)، بەهۆی تێکچوونەوەی بارودۆخی سیاسیەوە داواکەی جێبەجێ نەکرا.

* لە (١١/٣/١٩٧٤)دا، لەگەڵ هەموو ئەو خەڵکەدا کە شارو سایەی شوومی ڕژێمی فاشستیان بەجێهێشت، چووەتە دەرەوە و لە دواناوەندی پێنجوینی کوڕان دەستی کرد بە وانە وتنەوە، پاش دامەزراندنەوەی دامودەزگاکانی پەروەردەی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان، کراوەتەوە یاریدەدەری بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی و کەرکوك، تا پیلانە تاوانرێژەکەی (٥/٣/١٩٧٥)ی جەزائیر و هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول، ناچار لەگەڵ ئەو خەڵکەدا گەڕاوەتەوە شاروو بووەتەوە بە مامۆستای دواناوەندی ڕۆشنبیر لەسەر خواستی خۆی، تا ڕاپەڕینە مەزنەکەی (١٩٩١)ی کورد.

* هەندێك لەو دەورە و کۆڕ و سیمینارە زانستیانەی بەشداریی کردوون:

– دەورەی ماتماتیکی نوێ بەغداد (١٩٧٣) (مانگێك)

– دەورەی کیمیا ، بەغداد ١٩٧٥(مانگێك)

– دەورەی کیمیا، سلێمانی ١٩٧٩(مانگێك) وەك دەرسخوێن.

– دەورەی کیمیا ، سلێمانی ١٩٧٩(مانگێك) وەك بەڕێوەبەری دەورە، زانکۆی سلێمانی کردنیەوە.

– بەشداری کردنی هەموو ئەو دەورە زانستیانەی بەشی ئامادەو ڕاهێنانی مامۆستا لە بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سلێمانی سازی ئەکردن وەك وانەبێژ (بۆ ماتماتیکی نوێ و زانست و کیمیا)، کە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاریی مامۆستایانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی سالآنە ساز ئەکران.

– وانە وتنەوە لە سێ دەورەی (مانگی) بۆ مامۆستایانی شەشەمی ئامادەیی.

– بە تەنها کردنەوەی دوو دەورەی (یەك مانگی) تایبەت بۆ مامۆستایانی شەشەمی ئامادەیی سالآنی (١٩٨٧/١٩٨٨ ) و جێبەجێکردنی هەموو ئەو تاقیکردنەوە کردەییانەی هەموو بەشەکانی کتێبەکە، بەکارهێنانی سێتی تایبەتی هۆیەکانی ڕوونکردنەوە.

– بەشداری کردنی هەموو ئەو پێشانگا زانستیانەی هۆیەکانی فێرکردن و ڕوونکردنەوە لە سلێمانی و لەسەر ئاستی عێراقیش و وەرگرتنی پلەی یەکەم لە بەکارهێنانی سێتە زانستییە کیمیاییەکاندا کە بابەتەکانی دووڕەگبوون و شێوەی ئەندازەیی گەرد و بلووری توخم و ئاوێتە و بەندە کیمیاییەکان و زۆر بابەتی تری گرنگی کیمیا ڕوون دەکەنەوە.

– ئامادەکردنی چەندین مەلزەمەی کیمیا لە هەموو قۆناغەکانی ناوەندی و ئامادەییدا، گرنگترینیان (ڕابەر) بوو، بۆ پۆلی شەشەمی زانستی، کە ڕوونکەرەوە و درێژەو یاریدەدەرێکی کتێبی پڕ هەڵەو کەموکوڕی کیمیای شەشەمی زانستی بوو.

– وەرگێڕانی کتێبەکانی کیمیای هەموو پۆلەکانی ناوەندی و ئامادەیی(بە سووکە بەشدارییەکی ئەندامانی تری لیژنەی وەرگێڕان) و بژارکردنیان، هەر بەو پێیەش کتێبی ماتماتیکی نوێ و زیندەزانی و ماڵداری و بابەتی تریش.

– ڕەخنە لێ گرتن و ڕاستکردنەوەو لەسەر نووسینی هەموو ئەو زاراوانەی تا ئێستا کۆڕی زانیاریی کورد بە نامیلکەی سەربەخۆ یان لە دوو توێی گۆڤارەکانی کۆڕدا بڵاوی کردوونەتەوە، کە لەم شوێنانەدا بڵاوی کردوونەتەوە.

* ژمارە ١٢٣،١٢٤،١٢٥،١٢٦،١٢٧ی ڕۆژنامەی ژین و لە ژمارە(٢)ی گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورددا دەربارەی نووسراوە.

* وەڵامی نووسینی ڕەخنەیی دەربارەی (فەرهەنگی قوتابی لەبەر تیرۆژە تیشکێك)ی ئازاد حمە شریف کە لە گۆڤاری کاروانی ژمارە (٦١)دا بڵاوکرایەوە.

* لێکۆڵینەوە و لەسەر نووسین و ڕاست کردنەوە و بڵاوکردنەوەی هەموو زانستە زاراوانەی بڵاوکراونەتەوە وەك:

– چەند سەرنجێك دەربارەی نامیلکەی (زاراوەی کوردیی زانستەکان)ی کۆڕی زانیاری عێراق/ دەستەی کورد، کەلە ژمارە (١٢٣) ی گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ئەیلولی (١٩٨٩) بڵاوکراوەتەوە.

– چەند سەنجێك دەربارەی ئەو زاراوە یاساییانەی لە ژمارە (یەکی) گۆڤاری(یاسا پارێزی) دا بڵاوکرابووەوە، لە ژمارە (٧)ی ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان ڕۆژی (١٩٩٦/٢/٢٠) دا بڵاوکراوەتەوە.

– (سەرنج و ڕاست کردنەوەیەکی پێویست) دەربارەی باسێکی ڕەخنەیی هۆنراوەی (ئافرەت و جوانی) ی گۆران، کە زانای دڵسۆزی ئەدەبی کوردی مامۆستا علاوالدین سجادی لە کتێبی (ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی دا ساڵی (١٩٦٨) نووسیویێتی، سەرنجەکانی مامۆستا جەمالو وەڵامەکەی مامۆستا سەجادی و دووبارە وەڵامدانەوەی وەڵامەکانی مامۆستا سەجادی، کە لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە (١٣٩)ی کانوونی دووەمی (١٩٨٨)دا بڵاوکراوەتەوە.

* ئامادەکردنی (١٠) وانەی نموونەیی و بەهۆی ڕوونکردنەوەو تاقیکردنەوەی کردەییەوە و وتنەوەی دەربارەی بابەتە گرنگەکانی کیمیای پۆلی شەشەمی ئامادەیی و وتنەوەو بڵاوکرنەوەی (١٠) وانەی تری لەو بابەتە لە تەلەفزیۆنی پەروەردەیی وەزارەتی پەروەردە ساڵی (١٩٧٨).

* بەشداریی سیمینارێکی زانستی دەربارەی کتێبەکانی کیمیای قۆناغەکانی ناوەندی و ئامادەیی، لە دیوانی وەزارەتی پەروەردە بە ناوی بەڕێوەبەرێتیی گشتیی خوێندنی کوردییەوە، ساڵی (١٩٨٩) لە بەغداد.

* بەشداریی سیمینارێکی زانستی هەفتەیی دەربارەی بابەتەکانی کیمیای پۆلی شەشەمی زانستی، بە هاویەشیی دانەرانی کتێبەکە، بەناوی پەروەردەی پارێزگای سلێمانیەوە، لە دیوانی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی (١٩٩٠).

* لە کاتی دامەزراندنی یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، داوای لێکرا ببێتە وەزیری پەروەردە، بەڵام ئەو وەزارەتە بەر پارتی کەوتو بە مامۆستا نەدرا.

* لە (١٩٩٢/٩/٥) دا، بوو بە یەکەم پارێزگار دوای ڕاپەڕینی شاری سلێمانی، تا (١٩٩٤/٣/٥).

* لە (١٩٩٤/٧/٢٥)، کرا بە وەزیری ڕۆشنبیری تا (١٩٩٩/٨/٢١)، هەر لەو کاتەیشدا، سەرپەرشتیی دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوە گشتییەکانی (بەکالۆریای) سێیەمی ناوەندی و شەشەمی ئامادەیی پێ سپێردرا.

* لە (٢٠٠١/١/٦)دا، کرا بە یاریدەدەری سەرۆکی هەرێم و سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بۆ کاروباری پەروەردەو خوێندنی باڵا و ڕووناکبیری.

بەشێکی کارە زمانەوانی و فەرهەنگییەکانی:

بە کوردی وەرگێڕانی کتێبەکانی خوێندن و بەرهەمە چاپکراوەکان:

١– کتێبی ماتماتیکی نوێی پۆلی سێیەمی سەرەتایی، لەگەڵ لیژنەدا، ساڵی (١٩٧٣).

٢– کتێبی کیمیایی پۆلی سێیەمی ناوەندی، لەگەڵ لیژنەدا، ساڵی (١٩٧٣).

٣– کتێبی ماتماتیکی نوێی پۆلی چوارەمی سەرەتایی و چاپکردنی لە شاخ بەتایب و ڕۆنیۆ و ڕاکێشانی بەشی هەموو مامۆستاکانی کوردستان و پێشکەشکردنی بە مناڵە تەریوەکانی کوردستان، ساڵی (١٩٧٤).

٤– وەرگێڕان و بەدەست نووسینەوەی سەراپای فەرهەنگی قوتابی و ئامادەکردنی و هەر بەو نووسینە چاپکردنی لەگەڵ لیژنە، ساڵی (١٩٨٥).

٥– بە کوردی وەرگێڕانی کتێبی کیمیای پۆلی دووەمی ناوەندی، لەگەڵ لیژنە.

٦– بە کوردی وەرگێڕانی کتێبی کیمیای پۆلی سێیەمی ناوەندی، لەگەڵ لیژنە.

٧– بە کوردی وەرگێڕانی کتێبی کیمیای پۆلی چوارەمی ئامادەیی گشتی، لەگەڵ لیژنە.

٨– بە کوردی وەرگێڕانی کتێبی کیمیای پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، لەگەڵ لیژنە.

٩– بە کوردی وەرگێڕانی کتێبی کیمیای پۆلی شەشەمی زانستی، لەگەڵ لیژنە، هەموو ئەو کتێبانە، سەراپای مامۆستا جەمال وەریدەگێڕاو لیژنەکە پێیداچوونەوە، لەسەر داواو مەرجی خۆی، بۆ ئەوەی یەك دان بن.

١٠– بەشداریی سەرەکیی وەرگێڕانی کتێبی (زیندەوەرزانی)ی دووەمی ناوەندی، لەگەڵ لیژنە.

١١– بەشداریی سەرەکیی وەرگێڕانی کتێبی (دروستیی مرۆڤ)ی سێیەمی ناوەندی، لەگەڵ لیژنە.

١٢– بەشداریی سەرەکیی وەرگێڕانی کتێبی (گیانەوەرزانی) ی شەشەمی ئامادەیی، لەگەڵ لیژنە.

هەموو ئەم کتێبانە و ئەوانەی کیمیایش لە ساڵی (١٩٨٦)ەوە تا (١٩٩٠)، مامۆستا وەریگێڕاوە.

١٣– وەك شارەزا(خەبیر)ی پێداچوونەوەو چاكسازیی گەلێك كتێبی كۆمەڵایەتی و ئابووریی ماڵەوانی.

١٤– فەرهەنگی زیوار، دەستە فەرهەنگێكی نزیكەی (٧٠٠٠) زاراوەیی فیزیاو كیمیاو زیندەزانی و بیركاریی قۆناغی زانكۆیە،(ئینگلیزی– عەرەبی– كوردی)، ساڵی (١٩٩٥).

١٥– یەكەم چاپی فەرهەنگی كیمیا، سووكە لێكدانەوەی نزیكەی (١٧٥٠) زاراوەیەكی كیمیای گشتییە (ئینگلیزی– عەرەبی– كوردی) ساڵی (١٩٩٨).

١٦–فەرهەنگێكی فراوان و تایبەتمەندی كیمیای (١٨٠٠٠) زاراوەیی (شەوكار)، (ئینگلیزی – عەرەبی– كوردی)، ساڵی (١٩٩٨).

١٧– دووەم چاپی فەرهەنگی كیمیا (ئینگلیزی –عەرەبی– كوردی) كە یونسكۆ چاپی كردۆتەوە، ساڵی (١٩٩٩).

١٨– بەرگی یەكەمی ئینسایكلۆپیدیای كیمیا(ئینگلیزی –عەرەبی– كوردی)، ساڵی (١٩٩٩).

١٩– بەرگی دووەمی ئینسایكلۆپیدیای كیمیا (ئینگلیزی – عەرەبی– كوردی)، ساڵی (٢٠٠١).

٢٠– بەركولێكی زانستە زاراوەسازیی كوردی، ساڵی (٢٠٠١).

٢١– فەرهەنگی كیمیای شیكاری (ئینگلیزی –عەرەبی– كوردی)، ساڵی (٢٠٠٢).

٢٢– فەرهەنگی كیمیای ئەندامی (ئینگلیزی –عەرەبی– كوردی)، ساڵی (٢٠٠٢).

٢٣– فەرهەنگی كیمیای فیزیایی (ئینگلیزی –عەرەبی– كوردی)، ساڵی (٢٠٠٥).

٢٤ بەرگی سێیەم و چوارەمی ئینسایكلۆپیدیای (ئینگلیزی – كوردی)، ساڵی (٢٠٠٥).

٢٥ بەركولێكی زاراوەسازیی كوردی، تەلاشێكی تری زانستاندنی زمانی كوردی (چاپێكی بژاركراوو فراوانكراوە)، دووەم چاپ/ (٢٠٠٨).

٢٦–فەرهەنگی ڕاگەیاندن، (ئینگلیزی –عەرەبی– كوردی)، ساڵی (٢٠٠٦).

٢٧.فەرهەنگی هونەر، (ئینگلیزی –عەرەبی– كوردی)، ساڵی (٢٠٠٩).

٢٨– فەرهەنگی زەویزانی، (ئینگلیزی –عەرەبی– كوردی) ساڵی (٢٠٠٧).

٢٩– كتێبی (ڕاهێنانەكانی ئاگر)، مێژووی هەژێنی كیمیا لە سیمیاوە تا چەرخی گەردیلەیی، ئامادەیە بۆ چاپ.

٣٠– بەرگی پێنجەم و شەشەمی ئینسایكلۆپیدیای كیمیا، گەڵاڵەو نزیكە ئامادەیە.

٣١– كتێبی كیمیای گشتی، گەڵاڵەو نیمچە ئامادەیە.

٣٢– كۆنامەی بەشێكی نووسینەكانم، ئامادەیە.

٣٣– ڕابەر، كتێبۆكەیەكی چڕكراوەی یاریدەدەر و ڕوونكەرەوەی كتێبی كیمیای شەشی ئامادەیی بە ڕۆنیۆ چاپ كراوە، ساڵی (١٩٨٩).

٣٤– كتێبی بەرەو پەروەردەیەكی نوێیاوی كوردستان، نزیكە ئامادەیە بۆ چاپ.

٣٥– بیرەوەرییە زیندە بە چاڵكراوەكانم، ئامادەیە بۆ چاپ.

٣٦– پرۆژەی تەواوكاری و بژار و تەتەڵە و وردە پیاچوونەوە و بۆ چاپ ئامادەكردنی كەڵە فەهەنگێكی ناوازەی خوالێخۆشبوو دكتۆر جەمال ڕەشید، لە ژێر چاپدایە).

٣٧– كتێبی جیاكاری دژی ژن (ڕێكەوتننامە و لیژنە)، كە لە كتێبی (التمییز چد المرأە الاتفاقیە و اللجنە) وە وەریگێڕاوە، ساڵی (٢٠٠٠).

٣٨– کتێبی پێڕەوی نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ، کە لە کتێبی (الشرعیه الدولیه لحقوق الانسان)ەوە وەریگێڕاوە، ساڵی (٢٠٠٠).

٣٩– بژارو تەتەڵە و وردە پیاچوونەوەی ئینسایکلۆپیدیای پزیشکایەتیی خێزانیی، خوالێخۆشبوو دکتۆر عەبدولرەحمان عەبدوڵلا، ساڵی (٢٠٠٢).

٤٠– بژارو تەتەڵەو پێداچوونەوەو هەڵەچنی و پێشەکی بۆ نووسینی فەرهەنگی پزیشکی (ئینگلیزی –عەرەبی– کوردی)، خوالێخۆشبوو د. عبدالرحمن عبدالله، (٢٠٠٩).

٤١– فەرهەنگی هەڵبژاردن(ئینگلیزی –عەرەبی– کوردی)، ئامادەیە بۆ چاپ.

٤٢– پرۆژەی فەرهەنگێکی پەروەردەیی (ئینگلیزی –عەرەبی– کوردی)، لە بەردەستدایەو ئیشی تێدا دەکات.

٤٣– کتێبی هەولۆچکەیەکی تری بەرەو راستەڕێیەکی ڕێنووسی زمانەکەمان، ئامادەیە بۆ چاپ.

٤٤– چەند پرۆژەیەکی تریش.....!

٤٥– فەرهەنگی ڕێبەری زاراوە ئامارییەکان (ئینگلیزی –عەرەبی– کوردی)، ساڵی (٢٠٠٩)، ئامادەیە بۆ چاپ.

٤٦– بە کوردی وەرگێڕانی کتێبی کیمیای پۆلی دەیەمی زانستی/ کتێبی مامۆستا (٢٠٠٧) بەرگی١.

٤٧– بە کوردی وەرگێڕانی کتێبی کیمیای پۆلی دەیەمی زانستی/ کتێبی مامۆستا (٢٠٠٧) ب. ٢.

٤٨– بە کوردی وەرگێڕانی کتێبی کیمیای پۆلی دەیەمی زانستی/ کتێبی خوێندکار (٢٠٠٧)ب.١

٤٩– بە کوردی وەرگێڕانی کتێبی کیمیای پۆلی دەیەمی زانستی/ کتێبی خوێندکار (٢٠٠٧)ب.٢.

٥٠ – بە کوردی وەرگێڕانی کتێبی ڕاهێنان و چالاکی و تاقیکردنەوە کردەییەکان بەرگی یەکەم.

٥١– بە کوردی وەرگێڕانی کتێبی ڕاهێنان و چالاکی و تاقیکردنەوە کردەییەکان بەرگی دووەم.

٥٢– بە کوردی وەرگێڕانی کتێبی ڕێبەری هەڵسەنگاندن بەرگی یەکەم.

٥٣– بە کوردی وەرگێڕانی کتێبی ڕێبەری هەڵسەنگاندن بەرگی دووەم.

٥٤– بە کوردی وەرگێڕانی کتێبی کیمیای پۆلی یازدەیەمی زانستی/ کتێبی مامۆستا (٢٠٠٨) بەرگی یەکەم.

٥٥– بە کوردی وەرگێڕانی کتێبی کیمیای پۆلی یازدەیەمی زانستی/ کتێبی مامۆستا (٢٠٠٨) بەرگی دووەم.

٥٦– بە کوردی وەرگێڕانی کتێبی کیمیای پۆلی یازدەیەمی زانستی/ کتێبی خوێندکار (٢٠٠٨) بەرگی یەکەم.

٥٧– بە کوردی وەرگێڕانی کتێبی کیمیای پۆلی یازدەیەمی زانستی/ کتێبی خوێندکار (٢٠٠٨) بەرگی دووەم.

٥٨– بە کوردی وەرگێڕانی کتێبی ڕاهێنان و چالاکی و تاقیکردنەوە کردەییەکان بەرگی یەکەم.

٥٩– بە کوردی وەرگێڕانی کتێبی ڕاهێنان و چالاکی و تاقیکردنەوە کردەییەکان بەرگی دووەم.

٦٠– بە کوردی وەرگێڕانی کتێبی ڕێبەری هەڵسەنگاندن بەرگی یەکەم.

٦١– بە کوردی وەرگێڕانی کتێبی ڕێبەری هەڵسەنگاندن بەرگی دووەم.

٦٢– بە کوردی وەرگێڕانی کتێبی کیمیای پۆلی دوازدەیەمی زانستی/ کتێبی مامۆستا (٢٠٠٩) بەرگی یەکەم.

٦٣– بە کوردی وەرگێڕانی کتێبی کیمیای پۆلی دوازدەیەمی زانستی/ کتێبی مامۆستا (٢٠٠٩) بەرگی دووەم.

٦٤– بە کوردی وەرگێڕانی کتێبی کیمیای پۆلی دوازدەیەمی زانستی/ کتێبی خوێندکار (٢٠٠٩) بەرگی یەکەم.

٦٥– بە کوردی وەرگێڕانی کتێبی کیمیای پۆلی دوازدەیەمی زانستی/ کتێبی خوێندکار (٢٠٠٩) بەرگی دووەم.

٦٦– بە کوردی وەرگێڕانی کتێبی ڕاهێنان و چالاکی و تاقیکردنەوە کردەییەکان (٢٠٠٩) بەرگی یەکەم.

٦٧– بە کوردی وەرگێڕانی کتێبی ڕاهێنان و چالاکی و تاقیکردنەوە کردەییەکان (٢٠٠٩) بەرگی دووەم.

٦٨– بە کوردی وەرگێڕانی کتێبی ڕێبەری هەڵسەنگاندن (٢٠٠٩) بەرگی یەکەم.

٦٩– بە کوردی وەرگێڕانی کتێبی ڕێبەری هەڵسەنگاندن ( ٢٠٠٩) بەرگی دووەم.

٧٠– پرۆژەی (هەوڵێك بۆ چارەسەرکردنی هەندێك لە کێشەکانی ڕێنووسی کوردی) (٢٠٠٩)، لە ژێر چاپدایە.

## شێخ موحەممەد عەلی قەرەداغی



لە دێی تەکیە لەدایك بووە لە ناحیەی قەرەداغ لە پارێزگای سلێمانی لە باوك و دایکێك کە هەر لە سەرەتاوە سووربوون لەسەر ئەوەی کە بخوێنێت و ببێت بە زانایەکی ئاینی, دوای ئەوەی پۆلی سێیەمی سەرەتایی تەواودەکات لە قوتابخانە حکومییەکاندا، پەیوەندیی دەکات بە قوتابخانە ئاینیەکانەوە، چەند قوتابخانەیەك دەگەڕێت، پاشان دەچێت بۆ بەغدا هەتا لەوێ ئامادەیی تەواو دەکات لە پەیمانگای ئیسلامی لە (باب الشيخ) ساڵی (١٩٧٠–١٩٧١)، پاشان پەیوەندی دەکات بە کۆلێژی (ئیمام ئەعزەم) کە خوێندن تێیدا پێنج ساڵ بوو ساڵی (١٩٧٦ز/ ١٣٩٦)ك تەواوی دەکات.

ئەوکاتەی لەپەیمانگای ئیسلامی دەبێت، لە (باب الشيخ) لە تاقیکردنەوەی پێشبڕکێی پێشنوێژو وتارخوێندن دەرچێت ساڵی (١٩٦٨) و بەئیمام و خەتیب دادەمەزرێت لە مزگەوتی (قمريه) لە بەغداد.

لەوکاتەوە لە نێوان زۆر مزگەوتی بەغدادا دەگوازرێتەوە، کە دوواهەمینیان مزگەوتی (موسعەبی کوڕی عومەیر) بوو، کەتێیدا جێگیر دەبێت، هەر لە ساڵی (١٩٨٠) تا ساڵی (٢٠٠٣)، پاشان دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی.

لەگەڵ وەزیفەکەیدا کاری نووسینیش دەکات لەبوارەکانی ئەدەبو ڕەخنەو لێکۆڵینەوەدا، پاشان تەواو یەکلا دەبێتەوە بۆ لێکۆڵینەوەی کەلەپوری ئەدەبی کوردی ئیسلامیو ژیانی زانایانی کوردو دۆزینەوەی دەستنوسو نوسراوو ئاسەوارەکانیان لەو بوارەشدا سەردەکەوێتو دەرگایەك دەکاتەوە، کەپێشتر کەس لێی نەدابوو.

ئەو کتێب و نووسراوانەی بڵاوی کردوونەتەوە:

١– إقتران النيرين في مجمع البحرين– دانراوی خوالێخۆشبوو مەلا ڕەشید بەگی بابان – بە کوردی – (٩) بەرگ تەحقیق و بڵاوکردنەوە.

٢– مەهدی نامە – ساغکردنەوە.

٣– دیوانی وەفایی: ساغکردنەوە، سێ جار چاپکراوە، ١٩٧٨، ١٩٨٤، ١٩٨٦

٤– عەقیدەی مەولەوی: ساغکردنەوە، دوو جار چاپکراوە: ١٩٧٧، ١٩٩٤.

٥– کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی، – شەش بەرگە لە ساڵەکانی ١٩٨٠ – ١٩٨٦ – ١٩٩٤ – ٢٠٠٤.

٦– دیوانی جەفایی: ١٩٨٠ ساغکردنەوە.

٧– تذكرة العوام: ١٩٧٩، ساغکردنەوە.

٨– دیوانی ڕەنجوری ١٩٨٣ ساغکردنەوە.

٩– دەوری كات لە ژیانی موسوڵماندا، وەرگێڕانی كتێبی (الوقت فی حیاه المسلم)ی د.یوسف القرضاوي.

١٠– سیمای موسوڵمان وەك حەزرەتی پێغەمبەر دەستنیشانی كردووە، ١٩٩٦.

١١– تاریخی جاف، پێشەكی و ئامادەكردن و لێكۆڵینەوە، ١٩٩٥.

١٢– چەند دەرزێك لە پەروەردەی ئیسلامیدا.

١٣– بوژاندنەوەی مێژووی زانایانی كورد لە ڕێگەی دەستخەتەكانیانەوە، **إحياء تاريخ العلماء الأكراد من خلال مخطوطاتهم**، تا ئێستا حەوت بەرگی چاپكراوە: ب/١: ١٩٩٨، ب/٢: ١٩٩٩، ب/٣: ٢٠٠١، ب/٤: ٢٠٠٢، ب/٥: ٢٠٠٤، ب/٦: ٢٠٠٤، ب/٧: ٢٠٠٧، ب/٨: ٢٠٠٨.

١٤– شهرزور – السليمانيه – عباس العزاوی، مراجعه وتقديم ٢٠٠٠.

١٥– أربل فی مختلف العصور، للمرحوم عباس العزاوی. ٢٠٠١.

١٦– محمد فيضي الزهاوي نبذة عن حياته وشيء من أثاره. ٢٠٠٤.

١٧– ورود الكرد فی حديق الورود ٢٠٠٤ (چاپی دووەم ٢٠٠٧).

١٨– هوية كركوك الثقافية والإدارية ٢٠٠٤ (چاپی دووەم ٢٠٠٧).

١٩– دەوری میرانی عیمادییە لە بزوتنەوەی رۆشنبیری لە دەڤەرەكەیاندا ٢٠٠٦.

٢٠– دیوانی عەزیز، لێكۆڵینەوە ٢٠٠٦.

٢١- الموجز في تواريخ حياة الاسلاف الكرام، تقديم ومراجعة وتعليق ٢٠٠٧.

٢٢– في رحاب أقلام وشخصيات كردية.

٢٣– ئەلبوومی كەشكۆڵ.

٢٤– كاتێ ژیانتە چۆنی دەگوزەرێنی؟

٢٥– دیوانی كاتب.

٢٦– دەقنامە.

٢٧– مقامات أو حوادث البرزنجي.

٢٨– هەنگاوێك لە سەر ڕێگەی لێكۆڵینەوەی دیوانی سالمدا.

– جگە لەوانە تا ئێستا زیاتر لە (٥٨٠) لێكۆڵینەوەو وتاری بە هەردوو زمانی عەرەبی و كوردی لە ڕۆژنامە وگۆڤارە عێراقی و بیانییەكاندا بڵاوكردووەتەوە.

– بەشداریشی كردووە لە بڵاوكردنەوەی ئەم كتێبانەی مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیسدا:

١– تەفسیری نامی – تفسير القرآن، بە زمانی كوردی، حەوت بەرگ.

٢– مواهب الرحمن – تفسير القرآن الكريم، بە زمانی عەرەبی، حەوت بەرگ.

٣– بنەماڵەی زانیاران.

٤– علماؤنا في خدمة العلم والدين.

كتێبە ئامادەكان بۆ چاپ:

١ – گەنجینەی خالّ (نامەکانی نێوان شێخ محەمەدی خالّ و دۆستەکانیەتی).

٢ – حصول الانس في انتقال حضرة مولانا خالد الى حضيرة القدس. (تحقيق).

٣ – المجلد التاسع من (إحياء تأريخ العلماء الاكراد).

ئەم وانانەشی لەم بوارانەدا وتووەتەوە:

* شيء عن المفتى الزهاوى، لە کۆڕبەندی زانیاری عێراق (دەستەی کورد).

* تذكرة الادباء ونسختها الاصلية، لە کۆڕبەندی زانیاری عێراق (دەستەی کورد) وتوویەتییەوە.

* العنوان المفقود أو المولود المرتقب، لە کۆڕبەندی زانیاری عێراق (دەستەی کورد) وتویەتییەوە.

* دور الامراء البابانيين ڤى خدمة الثقافة الاسلامية، لە کۆڕی زانیاری عێراق وتوویەتییەوە.

* دور الامراء البابانيين ڤى خدمة الثقافة الاسلامية، لە کۆڕی زانیاری عێراق وتوویەتیەوە.

* ثورة المخطوطات ڤى ثورة المعلومات، لە بارەگای مێژوونووس و شوێنەوارناسە عێراقییەکان وتوویەتییەوە.

*دوای کۆچی دواییشی، لە چلەی زانای پایەبەرز مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە کەلار وتوویەتییەوە.

*باجی سەروەری و تاجی سەروەری، لە چلەی زانای پایەبەرز مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی موددەڕیس وتویەتییەوە.

*با لەدەرەوەی ولآت خەمێکی نالی بخۆن، لە فیستیڤاڵێکدا کە لە سلێمانی بۆ شاعیری گەورە نالی سازکرا بوو، وتوویەتییەوە.

لەم کۆمەڵەو یانانەدا بەشدارە:

* ئەندامی کارا لە کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد.

* ئەندامی کارا لە کۆمەڵەی زانستی کوردستانی.

* ئەندامی کارا لە پەیوەندی ئەدەبی ئیسلامی جیهانی.

* ئەندام لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراق..

* ئەندام لە یەکێتی ئەدیبانی کورد.

* ئەندام لە یەکێتی ئەدیب و نووسەرانی عێراق.

**مامۆستا حەبیب موحەممەد سەعید**



لە گوندی بەڵخەی هەورامان لەساڵی (١٩٤٨)دا لە دایك بووە لە ساڵی (١٩٥٤ ـ ١٩٥٥)دا چووەتە قوتابخانەی گوندەکەیانو تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لەوێ تەواو کردووە، پاشان ماڵیان باردەکات بۆ هەولێر و پۆلی شەشەم و یەکەمی ناوەنیی لەوێ تەواو دەکات، پۆلی دووهەم و سێهەمی ناوەندییشی لە هەڵەبجە تەواو دەکات، پاشان پەیوەندی بە خانەی مامۆستایانی سلێمانییەوە دەکات و لە ساڵی (١٩٦٨ـ ١٩٦٩)دا لەوێ بە مامۆستا دەردەچێت.

هەر بە منداڵیی باوکو دایکی خوا لێیان خۆش بێت بایەخ بە خوێندنی دەدەن، بە تایبەتیی دایکی لەسەر پەروەردە و سەعیی کردن زۆر سوور دەبێت، بۆیە ماوەی ناتات

زۆر تێکەڵی منداڵان و یاریی کردنیان ببێت، بەو بۆنەوە لە وانەکاندا سەرکەوتوو دەبێتو پۆلـەکانی بـە ئاسـانیی ئەبڕیین.

کاتێك کە دەگاتە پۆلی دووهەمی خانەی مامۆستایان  لە رێگەی چەند هاورێیەکی دڵسۆزەوە بە کە تێگەیشتنێکی چاکیان لە ئیسلام هەبوو، باشتر دەگەڕێتەوە بۆلای دینداریو بابـەتی ئیـسلامی، ئـەو برایانـە کـە لەگـەڵ (برایـانی موسڵمان) کار ئەکەن، ئەمیش لە ساڵی (١٩٧٠)و بە دواوە دەستدەکات بە دەرس وتنەوەی قوتابیە بلیمەتـەکانی گوندەکەیان و کۆمەڵێکی زرنگیان دەهێننە مزگەوت بۆ قورئان خوێندن. بەمە لە سـاڵی (١٩٧٠)دا بـۆ یەکـەم جـار قوتابیی دەستیان دایە قورئان خوێندن و بە ماوەیەکی کەم خەتمیان کرد و دەستەیەکی لاوچاکیان لێ پێ گەیشتن. دوای چەند ساڵێك دەرسەکەیان بە بۆنەی دوورکەوتنەوەی مامۆستاوە وەستا، تـا سـاڵی (١٩٨٠) لـە کۆمـەڵگای سیروان بە  شێوەیەکی فراوان تر دەرس دادەنێتەوە، بەردەوامیش دەبێت تا کیمیابارانی هەڵەبجـەو وێـران کرانـی ناوچەکە. لە بواری نووسینیشدا لە کۆتایی شەستەکانەوە دەستدەداتە نووسین و وەرگێڕان بە تایبەتیی ژیاننامەی هاوەڵان خوا لێیان رازیی بێت، ئەوەبوو یەکەم بەرهەمی لە ساڵی (١٩٨٠)دا چاپ کرد و تا ساڵی (١٩٨٨) نزیکـەی سی کتێب و نامیلکەم بە چاپ گەیاندن.. بە بۆنەی ئەوەوە کە دەرسی مزگەوتەکان گەنجێکی زۆر بەشدارییان تێیا ئەکردن، نامیلکەکان بڵاوەیان کرد. هەروا لەسەر نووسین و وەرگێڕان بەردەوام دەبێت، تا ئێستاش هەر بەردەوامەو سەرنجام ژیانی پێغەمبەری ئازیزمان (صلّی الله علیه وسلّم) خستە بەر دیدی خوێنەران.

**خاتوو ئامینە صدیق عەبدولعەزیز ( دایکی نوور)**



ـ لە ساڵی (١٩٦٧) لە شاری  هەڵەبجە هاتووەتە دنیاوە.

ـ لە ساڵی (١٩٨٥) خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووە.

ـ بە هۆی باری ناجێگری ناوچەکەیان لە خوێندن دابڕاوە، لـە سـاڵی (٢٠٠٤) کۆلێـژی شەریعەی لە بەغداد تەواو کردووە.

ـ لە ساڵی (١٩٨٣) کتێبی (قاتل حمزە)ی نەجیب ئەلگـەیلانی و (وا اسـلاماه)ی علـی باکپیری وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

ـ لـە سـاڵی (١٩٨٨) لـە گۆڤـاری "گـزنگ"دا ـ کـە گۆڤـارێکی ئـەدەبی بـوو لەلایـەن "کۆمەڵەی ئەدەبدۆستانی ئۆردوگای جوانڕۆوە  دەردەچوو"ـ دەست بە چیرۆك نووسین دەکات و یەکەم چیرۆك لەوێدا بڵاو دەکاتەوە.

ـ لە ساڵی (١٩٩١) دەبێتە سەرنووسەری "پەیامی خوشکان" کە گۆڤارێکی ژنانەی گشتییە وژمارە"٢٧و٢٨"ی لە پایزی (٢٠٠٩) دەرچووە. بەدرێژایی ئەو ماوەیە (١٩٩١ — ٢٠٠٩) وەك سەرنووسەری ئەو گۆڤـارە کـاری کـردووە و دەیان نووسین و وتاری  دابەزاندووە.

ـ لە ساڵی (١٩٩٢) یەکەمین کتێبی بە ناوی "ئافرەتی موسڵمان ڕزگاربوون و دروستبوون"ی ئەکەوێتە بازاڕەوە.

ـ لە ساڵی (١٩٩٤) کتێبی "تەفسیری سوورەتی نوور" بڵاودەکاتەوە کە موفەسیری گەورە" مامۆستا مەلاعوسمان عبدالعزیز" پێشەکی بۆ نووسیوە و پەسەندی کردووە.

ـ ساڵی (١٩٩٥) کتێبی "تەفسیری سوورەتی حوجورات"ی بڵاوکردووەتەوە.

- ساڵی (١٩٩٦) کتێبی "تەفسیری سوورەتی ئەلئەحزاب"ی بڵاوکردووەتەوە.
- ساڵی (١٩٩٩) کتێبی " تەفسیری سێ سوورەتی نوور و ئەحزاب و حوجورات"ی لە لایەن "نووسینگەی تەفسیر"ەوە بڵاوکراوەتەوە.
- ساڵی (٢٠٠٦) کتێبی"ئاشتینامە" ـ کە وەڵامێکە بۆ کتێبی "خوێننامەکەی مەریوان هەڵەبجەیی کە بەناوی "زەردەشتیی"یەوە بڵاوی کردبوویەوە ـ (لە لایەن پرۆژەی تیشکەوە بڵاوکراوەتەوە).
- لە ساڵی (٢٠٠٨) کتێبی "دوورگەی بیناسازان"ی بڵاوکردوەتەوە. (لە لایەن پرۆژەی تیشکەوە بڵاوکراوەتەوە).
– لە ساڵی ( ٢٠٠٥)ەوە خەریکی وانەوتنەوەیە لە قوتابخانەکانی شاری هەڵەبجەدا.

## مامۆستا موحەممەد مەلا ساڵح شارەزووری



ناوی تەواوی (موحەمەدی کوڕی مەلا ساڵحی کوڕی سۆفی ئەبوبەکری کوڕی قادر)ە، باوکی بە مەلا ساڵحی زارا ناسراوە کە یەکێکە لە پیاوە ناودار و بەڕێزەکانی ناوچەی شارەزوور، خۆشی بە مەلا موحەمەدی شارەزووری ناسراوە.

مامۆستا شارەزووری لە ساڵی (١٩٤٧)ز لە گوندی (کەچەڵی) نزیك شارۆچکەی سەید سادق لە ناو هۆزی شێخ سمایلی لەدایك بوە.

لە ڕۆژی (١٥–١٢–١٩٥٠)ماڵیان باردەکات بۆ گوندی سەیدسادق کە ئەوکات تەنها چەند ساڵێك بو دروست بوبوو.

لە ساڵی (١٩٥٥) دەستی کردوە بە خوێندنی قورئانی پیرۆز تا ساڵی (١٩٦٠) کە حکومەتی ئەو کاتەی عێراق بڕیاری دروستکردنی شەش قوتابخانەی ئیسلامی دەدات و یەکێکیان بەر هەڵەبجەی شەهید دەکەوێت و مامۆستا شارەزووری لە ڕۆژی (٢٢–٩–١٩٦٠) یەکەم وانەی تێدا دەخوێنێت.

پاش تەواوکردنی خوێندنی لە ڕۆژی (٨–١٠–١٩٦٨) مامۆستا شارەزووری لە تەمەنی (٢١) ساڵیدا ژیانی هاوسەری پێکدەهێنێت و خێزانی یەکەمی دەگوازێتەوە بە ناوی (مینای کچی دەروێش ڕەشید).

مەلا موحەمەد بەوپێیەی کە کوڕە مەلا دەبێت خۆشی زانستە ئیسلامیەکانی تەواو کردوە خۆی تەرخان دەکات بۆ کاری مەلایەتی و لە (٤–٢–١٩٧٤) دەبێت بە مەلا لە گوندی (گورگەدەر) لە ناوچەی شارباژێر.

پاش هەڵگیرسانەوەی شەڕ لەنێوان شۆڕشی کوردی و ڕژێمی بەعس لە هەمان ساڵدا باردەکات بۆ شاری سلێمانی و لە مزگەوتی (قەرەچیوار) لە گەڕەکی چوارباخ دەبێت بە پێش نوێژی ئەو مزگەوتە.

پاشان بە پێویستی دەزانێت بگەڕێتەوە بۆ شارۆچکەی سەیدسادق و لە (٩–٩–١٩٧٥) بە سیفەتی پێشنوێژ دەگەڕێتەوە بۆ مزگەوتی گەورەی سەیدسادق کە باوکی مەلای هەمان مزگەوت دەبێت و لەوێ دەبێت بە وتاربێژ.

لە نیوەی ساڵانی حەفتاکان تا کۆتایی حەفتاکان کە حکومەتی عێراقی لە لوتکەی توانا و هێزیدا بوو دەیویست گەلی کورد چاوترسێن بکات و لەو ڕۆژگارەی نا ئومێدی باڵی بەسەر کوردستان کێشابوو مامۆستا شارەزووری مینبەری کردبووە سەنگەرێك دژی داگیرکەر و ستەمکاری ڕژێمی بەعس، ڕۆژانی هەینی وتاری ئاگرینی دژی کارەکانی ڕژێمی بەعس دەدا و ورەی دانیشتوانی بەرزدەکردەوە و ڕاستی ئیسلامی بۆ ڕون دەکردنەوە.

وتارەکانی دووربوون لە شێوازی کلاسیکی و چاولێکەری، بەڵکو وتارەکانی بەشێوەیەکی سەردەمیانە وزانستیانە بوو کە تێیدا باسی لایەنی کۆمەڵایەتی و زانستی و بابەتە هەنوکەییەکانی دەکرد، بەشێکی وتارەکەی تەرخان دەکرد بۆ بواری ڕامیاری و بەبێ سڵەمینەوە پەنجەی دەخستە سەر کارە دزێوەکانی ڕژێمی بەعس و پەنجەی تۆمەتی بۆ درێژ دەکرد، بەتایبەت لە ساڵی (١٩٧٧) کە گەرمەی وتارە ئاگرینەکانی مامۆستا شارەزووری دەبێت و زۆرێك لە لاوانی شارەکانی سلێمانی و هەڵەبجە و پێنجوێن بۆ گوێگرتن لە وتارەکانی ڕوویان تێدەکرد و وتارەکانیان تۆماردەکرد.

هەر لەو ساڵانەدا مامۆستا نوکی پێنوسەکەی خستە گەڕ و کۆمەڵێك پەرتوکی نایاب و گرنگی خستە بازاڕەوە کە بەپێچەوانەی زۆرێك لە مەلاکانی کوردستان گرنگیەکی زۆری بە بواری زانست دەدا.

سەرانی بەعس هەراسان بوبون بەدەست وتارە کاریگەریەکانی و بەردەوام دەیانگرت و ئازاریان دەدا، لە یاداشتەکانیدا دەڵێت: "جارێك وتارێکی زۆر توندم لەسەر سیاسەتی بەرەی نیشتیمانی خوێندەوە لە نوێژی هەینیدا هێرشێکی زۆرم کردە سەر ڕژێمی بەعس هەر لەو کاتەدا پیاوانی ڕژێم هاتن و لەگەڵ تەواوبونی وتارەکەمدا قۆڵبەستیان کردم، تەنانەت نەیانهێشت نوێژەکەی هەینیان بۆ بکەم بۆیە ناچار باوکم نوێژی هەینی بۆ کردن"

هەروەها دەڵێت: "هەر لەو کاتەدا بوو بە دەنگەدەنگ چونکە ڕیزەکانی دواوە نەیاندەزانی چی ڕوویداوە کەسێك بەناوی خاڵە شێخ قادر هەستا و گوتی: "بابە چپە چپی چیتانە مەلا موحەمەد لەنێوان خوا و بەعس گیری خواردوە ئەگەر ناحەق ئەڵێ خوا ئەیگرێ و ئەگەر حەقیش ئەڵێ بەعس دەیگرێ".

هەروەها لە یەکێك لە وتارەکانیدا کە لە سەیدسادقەوە دەگوازرێتەوە بۆ سلێمانی مامۆستا دەڵێت: "جێگای شانازیە کە لەماوەی (٣٦) ڕۆژدا (٦) جار گیرام و چواردەوری ماڵم گیراوە، دەیانەوێت من حەق نەڵێم نوکی قەڵەمەکەم بشکێنن بڕیاربێت ئیسقانەکانم بکەم بە قەڵەم بە خوێنی دەمارەکانم هەر ئیسلام بنووسم".

مامۆستا ماوەی (١٠) ساڵ بو خێزانی یەکەمی هێنابو منداڵیان نەدەبو بۆیە خۆشەویستی بۆ منداڵ وای لە مامۆستا شارەزووری کرد لە (١٩-٣-١٩٧٨) خێزانی دوەمی هێنا کە ئەویش ناوی (مینا)بو بۆیە ناوی خێزانی دوەمی گۆڕی بە (هودا)، هەر لە هەمان ساڵدا سەفەری حەج دەکات.

بۆ ئەوەی پاڵەپەستۆی گرتنی لەسەر کەم ببێتەوە و پشویەك بدات لە ڕۆژی (٢١-٥-١٩٨٠) ماڵی بار دەکات بۆ شاری سلێمانی و لە مزگەوتی (حاجی عەبدوڕەحمان بۆسکانی) دەبێت بە مەلا.

مامۆستا شارەزووری پێشتریش چەند جارێك گیرا بوو، هەروەها هەڕەشە و گوڕەشەی زۆری لێ دەکرا، بەڵام ئەو لە ئاست ترساندن و هەڕەشەکانی بەعس زۆر بێباك بوو، ئەو ئازایی و مەردایەتیەی وای کردبوو لەناو جەماوەردا ئەوەندە خۆشەویست ببوو کە ڕێزێکی بێ ئەندازەی لێدەگیرا

پاش بارکردنی بۆ سلێمانی ڕژێمی بەعس هەر بەدوایەوە دەبێت و کۆڵی لێنادەن و سەرەنجام لە شەوی (٢٩-١١-١٩٨٠) لەلایەن (ملازم موحسین)ەوە دەستگیر دەکرێت، ماوەیەك لەپێش دەستگیرکردنەکەی (شێخ جەواد خالصی) ئەندامێکی باڵای حیزبی دەعوەبێت دێت بۆلای و داوای لێدەکات لە عێراق دەربیکات چونکە ڕژێمی بەعس فەرمانی لەسێدارە دانی بۆ دەرکردبوو، ئەویش دەریدەکات و دەیگەیێنێتە ئێران،

ڕژێم لەسەر ئەم کارەی مامۆستا شارەزوری دەستگیر دەکات و ڕەوانەی (ئەبوغرێب)ی دەکات و حەوت مانگ لەژێر ئازار و ئەشکەنجە بەسەردەبات، سۆندە و شەلاقە و کارەبای جەلادەکانی ئەمن نەیانتوانی چۆکی پێدابدەن.

ئەم ئازار و نارەحەتیانە بۆیە دەهاتنە سەر ڕێگەی چونکە حەقبێژ بوو، ئەگەر بیویستایە دەیتوانی دەمی خۆی بگرێت و ژیان لە خۆی تاڵ نەکات، بەڵام ئەو ژیانی شۆڕشگێڕی و پڕ درك و داڵی هەڵبژارد، بۆیە هەر لە یاداشتنامەکەیدا کە لە (١٧-٣-١٩٨٧) تەنها چوار مانگ بەر لەمەرگی خۆی نوسیویەتی دەڵێت: "ئۆباڵتان بەملم ئەوە مەلایەتی نەبو من کردم، تەوقی عەزراییل بو چووە گەردنم، هەتا ڕۆژی نوسینی ئەم یاداشتە (١٣) ساڵە من مەلام (١٣) پاروی ڕەحەتم نەخواردوە، هەناسەیەکی ئۆخەییم هەڵنەکێشاوە".

مامۆستا هەر لە زیندان بوو لە ڕۆژی (٣١-١-١٩٨١) هاوسەری دووەمی (هودا)خان بەسەر منداڵەوە دەڕوات و خۆی و منداڵەکەی دەمرن و بۆ هەتاهەتایی یەکتر نابینن.

لە ساڵی (١٩٨٢) بە هاوکاری مامۆستا عوسمان عەبدولعەزیز و چەند مامۆستایەکی ئاینی تر ڕێکخراوێکی نهێنیان بەناوی (بزوتنەوەی زانایانی ئیسلامی تێکۆشەر) پێکهێنا، مامۆستان عوسمان عەبدولعەزیز کرایە ڕابەر، پاش ماوەیەك بەهۆی چەند هۆکارێکەوە بە ئامادەبونی زۆرینەی ئەندامانی ڕێکخراوەکە لە مزگەوتی (سەیوانی دووەم) لە شاری سلێمانی ڕێکخراوەکەیان هەڵوەشاندەوە.

ڕژێم بەردەوام چاودێری دەکات بۆ کەمبونەوەی پاڵەپەستۆی سەری لە ڕۆژی (٢١-١٢-١٩٨٢) ماڵی باردەکات بۆ گوندی (قولەگیسکان)، لە ڕۆژی (١٢-٢-١٩٨٣) باردەکات بۆ گوندی (چنارەی پاڕەزان).

لەو کاتەدا شەڕی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی دەبێت، یەکێتی کادیرێکی پارتی دەکوژێت بەناوی (جەزای عەلی کاتب) و دەبێتە شەڕ لەنێوانیان هانا بۆ مامۆستا شارەزووری دەبەن و مامۆستا ناوبژیوانی نێوانیان دەکات، بۆیە لە ئێستگەی شۆڕشەوە سوپاسی مامۆستا شارەزووری دەکرێت.

لە (١٨-٥-١٩٨٣) ماڵیان باردەکات بۆ گوندی (چنگیان)، بەهۆی هێرشی ئێران بۆ سەر ناوچەی پێنجوێن مامۆستا بەناچاری ماڵی باردەکات بۆ شاری سلێمانی و لە مزگەوتەکەی پێشوی مزگەوتی حاجی عەبدولڕەحمان بۆسکانی دادەمەزرێتەوە.

ڕژێم زۆر لێی بەداخ دەبێ چونکە جگە لە دژایەتیەکانی بۆ ڕژێمی بەعس، ناوبژیوانی نێوان یەکێتی و پارتی کردبو، ئەوەبو بۆ خۆپاراستن لەدەستی ڕژێم باردەکات بۆ ناحیەی (ئاغجەلەر) و لەوێ دەبێت بە مەلای مزگەوتی ئەو شارۆچکەیە.

لەوێ دەمێنێتەوە تا ساڵی (١٩٨٧) لە ترسی ڕژێم باردەکات بۆ ناوچەی (پشدەر و بتوێن) و کۆتایی تەمەنی لەو ناوچەیە بەسەر دەبات و لە گوندی (دواوەی) سەربە ناحیەی (سەروچاوە) نیشتەجێ دەبێت.

سەرەنجام لە ڕۆژی (١٩٨٧/٧/٢٥) لە کاتێکدا لە سەر تراکتۆر دەبێت تراکتۆرەکەیان وەردەگەڕێت و بەهۆیەوە دەستبەجێ گیان لەدەست دەدات.

بەو شێوەیە مامۆستا مەلا موحەمەدی شارەزووری نوسەر و زانا و تێکۆشەری گەلەکەمان لەتەمەنی (٤٠) ساڵیدا چاوەکانی بۆ هەتایی لێکدەنێت ئەم دنیا پڕ کوێرەوەری و دەربەدەریە جێدەهێڵێت و گیانی پاکی دەسپێرێت و لە گرتن و ڕاوەدونان و چەوسانەوە ڕزگاری دەبێت و لە مەراسیمێکی شایستەدا تەرمەکەی دەگەڕێنەوە بۆ شارۆچکەی سەیدسادق لەوێ بەخاکی دەسپێرن.

بەم جۆرە چرای ژیانی ئەو پیاوە ناودارە کوژایەوە، بەڵام ناوبانگی هەر بە نەمری مایەوە و لەناو دڵی خەڵکی ئیسلامپەروەر و کوردپەروەردا دەژی و یادی دەکرێتەوە..

## پوختەیەك لە مێژووی نووسینگەی تەفسیر



نووسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن لە هەولێر، لە ساڵی (١٩٩٥) دامەزراوەو سەرەتا بە چاپ و بڵاوکردنەوەی (تەفسیری قورئانی پیرۆز) دەستی پێکرد، کە لە نووسینی مامۆستا (عوسمان عەبدولعەزیز موحەممەد)ە.

ئینجا دەستکرا بە وەرگێڕانی ئەو کتێبانەی، کە کاریگەریان هەیە لە هزری ئیسلامیدا، بۆیە زنجیرەیەك دانرا بە ناوی (زنجیرەی هزری هاوچەرخی ئیسلامی)، ئینجا زنجیرەی (رسائل و بحوث علمية) کە بە زمانی عەرەبی بڵاودەکرێتەوە هەروەها زنجیرەی (زانستەکانی کۆمپیوتەر)، زنجیرەی (کەڵەپیاوانی ئیسلام)، زنجیرەی (کتێبی منداڵان)، زنجیرەی (بابەتە هەنوکەییەکان)، زنجیرە (دەرسی ئیمان و عەقیدەی ئیسلامی)، زنجیرەی (خواپەرستی ئیسلامی) کە هەریەکێك لەم زنجیرانە چەند بابەتێك لە خۆی دەگرێت.

وێڕای ئەمانەش بڵاوکردنەوەی بابەتە جیاجیا و هەمەجۆرەکان لەفەرهەنگ و فیکری و خێزانی و... هتد.

ژمارەی بەرهەمە بڵاوکراوەکانی نووسنگەی تەفسیر، تائێستا زیاتر لە (٢٣٠) بڵاوکراوەیە، کە لە خوارەوە ناوی ژمارەیەکیان هاتووە:

- تەفسیری قورئانی پیرۆز (بە کوردی)، ١٥ بەرگ، عوسمان عەبدولعەزیز.
- بەرنامەی پەروەردەیی منداڵان (١ – ٤)، موحەممەد سینەمۆکی.
- خواناسیی – ئایین – ئیمان، عەلی باپیر.
- بیرو باوەڕبوون بە خوا، د. عمر سلیمان الاشقر، و: ئارامی گەلاڵی.
- خەیاڵاتی مارکسیەت، فازل قەرەداغی.
- ئەفسانەی دیموکراسی، فازل قەرەداغی.
- بحوث مقارنة بين العلم الحديث والكتاب والسنة، د. دلاور محمد صابر.
- امراض العصر اسبابها و الوقاية منها بالغذاء، د.دلاور محمد صابر.
- قورئان و زانستی نوێ، د. مۆریس بۆکای، و: سەلام ناوخۆش.
- ژن و مێردی ئیسلامیی بەختەوەر، محمود مهدی الاستانبولی، و: نەوا موحەممەد سەعید.
- پەروەردەی منداڵ و هەرزەکاران لە ڕوانگەی شەریعەتی ئیسلامدا، محمد شریف الصواف، و: نەوا موحەممەد سەعید.
- فەتوای هاوچەرخ بۆ ئافرەتان، نەوا موحەممەد سەعید.
- منداڵ چۆن فێری نوێژ دەبێ، و: نەوا موحەممەد سەعید.
- بەرنامەی پێغەمبەر بۆ پەروەردەی منداڵان، محمد نور بن عبدالحفيظ، و: سوهام بەرزنجی.
- خەلیفەکانی ڕاشیدین، د. صلاح عبدالفتاح الخالدی، و: فاتح موحەممەد سەنگاوی.
- سامان و حوکمڕانی لە ئیسلامدا، عبدالقادر عودە، و: ڕێبوار کوێستانی.

ـ چەمكانێك دەبێ ڕاستبكرێنەوە، **محمد قطب**، و: ژیوانی گەلاڵی.

ـ ڕوونكردنەوەی عەقیدەی تەحاویی، عەبدوڵڵا عەبدولعەزیز هەرتەلی.

ـ قەیرانی فیكری هاوچەرخ، **طه** جابر العلوانی، و: ئیبراهیم عومەر صادق.

ـ حكم الشرع في الاستنساخ – **اطفال** الانابيب، عبدالقديم زلوم.

ـ المؤامرات الدولية ضد الاسلام، أم بنان.

ـ دڵی ساز و نەساز، ئەحمەدی موفتی زادە.

ـ سیستەمی ویندۆز ٩٨، ئاراس حاجی مەولود.

ـ النسخ في القرآن، د.**مصطفى** ابراهيم الزلمي.

## ناوەندی ڕۆشنبیر بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە



بیرۆكەی دامەزراندنی ناوەندی ڕۆشنبیر بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە كە بە هەوڵ و هیممەت و دەسپێشخەری و هاوكاری و پشتگیریی ژمارەیەك كەسایەتی ئیسلامخوازی خەمخۆری زانست و مەعریفە لە ڕۆژی (١/٦/١٩٩٩)دا دەرگای بە ڕووی خوێنەران و دۆستانی كتێب و خوێندنەوە و مەعریفەدا كرایەوە.

دەتوانین مەبەستی بنەڕەتی و ئامانجی سەرەكی لەپشت خستنەگەڕ و دامەزراندنی ئەم پرۆژە زانستی و ڕۆشنبیرییە، لە ڕوانگەی بەها و بایەخی كتێب و چاپ و بڵاوكردنەوە و كاریگەری لەسەر پێشخستن و گەشەكردن و گۆڕانی ژیانی تاك و كۆمەڵگە بەگشتی، لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا كورت بكەینەوە:

١ – وەڵامدانەوەی بەشێك لە ئەركی مرۆیی و دینی و نیشتمانی بۆ هاوكاری و چارەسەركردنی ئەوهەموو تێكشان و وێرانكاریە زانستی و مەعریفی و فیكری و ڕۆشنبیری و ڕۆحی و ئەخلاقیەی بەسەر مرۆڤی كورد و كۆمەڵگەی كوردستاندا هێنراوە، وەك دەرەنجامی ئەو گشت نەهامەتی و دەردیسەری و مەینەتیانەی لە سایەی سیاسەتە ناڕەوا و ناهەموارەكانی دەسەڵاتداران و فەرمانڕەوایاندا تووشی هاتووە.

٢ – كتێب بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی وەك سەرچاوەی زانست و زانیاری و مەعریفە ڕۆڵێكی گەورەی لە بنیادنانی ژیاریی و پێشكەوتنی گەلاندا دیوە.

٣ – كتێب ڕۆڵێكی سەرەكی لە گەشەپێدانی مرۆڤ و داڕشتنی كەسایەتیەكی هۆشیارو خاوەن ئیرادە و داهێنەر و بەتوانادا هەیە، كە جێگە و پێگەیەكی شایستەی لە كۆمەڵگەدا بۆ دەستەبەر دەكات.

لە كۆتاییدا هەر سەبارەت بە ناوەندی ڕۆشنبیر وا باشە تیشك بخەینە سەر هەندێك لەو پرۆژە و بڵاوكراوانەی ناوەندەكە لە ڕووی بابەتبەندییەوە:

٤ – لەبواری فەرهەنگدا (٩) دانە فەرهەنگی هەمەجۆری بڵاوكردووەتەوە، كە لێرەدا تەنها ئاماژە بە ناوەكانیان دەكەین:

* فەرهەنگی (دەریا) عەرەبی – كوردی دووبەرگ.

* فەرهەنگی (یاد) ئینگلیزی – عەرەبی – کوردی.

* فەرهەنگی (ژیر) عەرەبی – کوردی  گیرفانی.

* فەرهەنگی (شایان) کوردی – عەرەبی.

* فەرهەنگی (نێرگس) تورکی – کوردی گیرفانی.

* فەرهەنگی رامیاری.

* فەرهەنگی فەلسەفی.

* فەرهەنگی (الوافر) ئینگلیزی – کوردی بەوێنەوە.

* فەرهەنگی فارسی – کوردی.

٥– لە بواری تەفسیردا خاوەنی دوو تەفسیرە:

* تەفسیری (ئاسان)  کە تا ئێستا (٢١) جار چاپ کراوەو هەرجارەش (٥٠٠٠) دانە.

* تەفسیری (گوڵشەن) لە سێ بەرگدا کە دووجار چاپ کراوە و هەرجارەش (٣٠٠٠) دانە.

٦–    لە بواری ژیاننامەی پێغەمبەردا:

* گوڵاوی سەرمۆر کە تا ئێستا (٦) جار چاپ کراوە و هەرجارەی (٤٠٠٠) دانە.

* ژیانی پێغەمبەری مەزن (مامۆستا پاڕەزانی) کە دوو جار چاپ کراوە و هەرجارەی (٣٠٠٠) دانە.

* تێبینی: لێرەدا دەبێت هەڵوێستەیەك لەسەر ئەم بەرهەمە بکەین:

* ژیانی پێغەمبەری مەزن ئەم بەرهەمە ناوازەیەی مامۆستا پاڕەزانی ناوەندی ڕۆشنبیر بە تایپکردنەوەی دووبارەی و هەڵەبڕیو لێکدانەوەو تحقیق کردنی و زیادکردنی ئەلبومێکی ڕەنگاوڕەنگ بۆی کە بە تەنها ئەم تەحقیقە دەتوانێت نامەیەکی ماستەر بێت، کەتوانرا ئەم خزمەتە لە ماوەی (٦) مانگدا پێشکەش بەم کتێبە بکرێت ئەمە بەیەکێك لەشاکارەکانی ناوەندەکە دادەنرێت.

٧– لە بواری فیقهییدا:

* فیقهی ئاسان لە دوو بەرگدا.

* (فقە السنة) بە کوردی لە سێ بەرگدا.

## پەیمانگای جیهانیی فیکری ئیسلامیی

دامەزراوەیەکی فیکریی ئیسلامیی ڕۆشنبیریی سەربەخۆیە، لە سەرەتای سەدەی پانزەیەمی کۆچی (١٤٠١ك - ١٩٨١ز) لە ویلایەتە یکگرتووەکانی ئەمریکا دامەزراوە، تا کار بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە بکات:

– فەراهەمهێنانی تێڕوانینی گشتگیرانەی ئیسلام، لەپێناو تەئصیلکردنی مەسەلە هەنووکەییەکانی ئیسلام و ڕوونکردنەوەیان، هەروەها لە پێناو پێکەوەگرێدانی بەش و لقەکان بە هەمەکییەکان (الکلیات) و مەبەست وئامانجە گشتییەکانی ئیسلامەوە.

– گێڕانەوەی ناسنامەی فیکریی و ڕۆشنبیریی و ژیاریی بۆ ئوممەتی ئیسلامیی، ئەویش لە میانەی چەند هەوڵ و کۆششێکی بەئیسلامکردنی زانستە مرۆڤایەتیی و کۆمەڵایەتییەکان و چارەسەرکردنی مەسەلەکانی فیکری ئیسلامیی.

– چاکسازیی لە پرۆگرامەکانی فیکری ئیسلامیی هاوچەرخدا، بۆ ئـەوەی ئوممـەتی ئیسلامیی توانـای دووبـارە گەڕاندنەوەی شێوەژیانە ئیسلامییەکەی خۆی و هەروەها ڕۆڵی خۆی لە ئاراستەکردنی کاروانی ژیاری مرۆڤایەتیی و بەرچاوڕۆشنکردنی و گرێدانی بە بەها و ئامانجەکانی ئیسلامەوە هەبێت.

پەیمانگا، بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی چەند هۆکارێك دەگرێتە بەر، لەوانەش:

– بەستنی کۆنگرە و سیمیناری زانستیی.

– هاوکاریی هەوڵ و کۆششی زانا توێـژەرەوەکانی زانکۆ و بنکـەکانی توێژینـەوەی زانستیی و بڵاوکردنـەوەی بەرهەمە زانستییە نایابەکان.

– ئاراستەکردنی توێژینەوە زانستیی و ئەکادیمییەکان لە پێناو خزمەتکردن بە فیکر و مەعریفە.

هەروەها پەیمانگا چەند نووسینگە و لقێکی لە پایتەختی وڵاتە عەرەبیی و ئیسلامییەکان و وڵاتانی تریش هەیە، کە لە ڕێگەیانەوە کار و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی خۆی ئەنجام دەدات، هەروەها چەند ڕێکەوتننامەیـەکی لەگـەڵ ژمارەیەك زانکۆی عەرەبیی و ئیسلامیی و خۆرئاوایی لە سەرانسەری جیهاندا بۆ هاوکاریی زانستی هاوبەش هەیە.

## پرۆژەی تیشك

تیشك پرۆژەیەکی ڕووناکبیریی‌و مەعریفی سەربەخۆیە، ساڵی (٢٠٠٥) لەسەردەستی کۆمەڵێك نووسەرو ڤوشنبیری موسڵمان لە کوردستان دامەزراوە. هـەوڵ دەدات خوێنـەر بخاتـە نـاو کەشـوهەوایەکی ڕۆشـنبیری تەندروست کـە نووسینی دوور لە بەها ڕەسەن‌و باڵاکانی کۆمەڵگەی موسڵمانی کـورد، تێیـدا بـە ئاسـانی وەکـو لەکەیـەکی ڕەش جیابکاتەوە.

بڵاوکردنەوەی بەرهەمی پڕ بایەخ‌و بەرهەمداری سەرجەم بوارەکانی پەیوەست بـە کـەلتوورو مێـژوو بیروبـاوەڕو فەرهەنگی ئیسلام‌و کوردەواری، یاخود وەرگێڕانی ئەوانەی بە زمانەکانی تر نووسراون بۆ سەر زمانی کوردی.

هاندان‌و دەستگیرۆیی لێکۆڵیاران بۆ بە ئەنجامگەیاندنی لێکۆڵینەوە لە بوارە جیاوازاکاندا بـە پـشت بەسـتن بـە شێوازی زانستی لە لێکۆڵینەوەدا.

بوژاندنەوەی کەلەپوورو دەستنووسی زانایان‌و بڵاوکردنەوەیان.

پرۆژەی تیشك تا ئێستا وێڕای بەستنی چەند کۆڕو سیمینار زیاتر لە (٦٠) کتێبی بڵاوکردۆتەوە لەوانە:

– بەئیسلامکردنی کورد، ماستەرنامە یان هەڵەنامە؟ نووسینی: فازل قەرەداغی.

– نەزانیی و بێشەرمیی، بەشێك لە چەواشەکارییەکانی مەریوان هەڵەبجەیی لە کتێبی (سێکس و شەرع و ژن)دا، عومەر کەمال دەروێش.

– فەتواکەی مەلای خەتێ، ئەفسانەی مێژوونووسێك، ن: حەسەن مەحمود حەمەکەریم.

– صەلاحەددینی ئەییوبی، گەورەتر لە ڕەخنـەگرانی، گفتوگۆ لەگـەڵ پرۆفیـسۆر دکتـۆر موحـسین موحەممـەد حسێن، ئا: ئارام عەلی سەعید

– بەرەو بەختیاریی ئافرەت، ن: جەمال حەبیبوڵڵا (بێدار).

– ئازادیی ڕادەربڕین لە ڕۆژئاوا، لە سەلمان ڕوشدییەوە بۆ ڕۆجیە گارودی، ن: د. شەریف عەبدولعەزیم، و: وەرزێر حەمەسەلیم.

– سەدەیەك تەمەنی نوورین، مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس بە پێنووسی خۆی بناسە.

– دەوڵەتی خیلافەت، بوژاندنەوەی کۆمەڵگەو گەشەسەندنی شارستانییەت، ن: ئیکرام کەریم.

– لە سەرگوزشتەکانی ژیان، ئەدەبی گاڵتەوگەپ، رووداوی مێژوویی، بیرەوەریی، ن: شێخ موحەممەد خاڵ.

– سوپای ئەییوبیان لە سەرودەمی سەلاحەددیندا، پێکهاتنی، ڕێکخستنی، چەکەکانی، هێزی دەریایی‌و شەڕو جەنگە گرنگەکانی، ن: پرۆفیسۆر دکتۆر موحسین موحەممەد حسێن، و: عوسمان عەلی قادر.

– زمانی گەردەلوول، خەونی شنەبا، کۆمەڵە دیداریکە لەسەر شیعر، فەرهەنگ، زمان، تەسەووف، ڕۆژهەڵاتناسی، ژن، ڕەخنەی ئەدەبی، رووناکبیر و دەسەڵات، فەرهاد شاکەلی.

– هەڵەبجە ١٨٨٩ ـ ١٩٣٠، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، ن: عادل صدیق.

– بەرگری لە قورئان دژی ڕەخنەگرانی، ن: عەبدوڕڕەحمان بەدەوی، و: وەرزێر حەمەسەلیم.

– فەرمووده هاوبەشەکانی بوخاری و موسلیم، ئامادەکردن و وەرگێڕانی: حەمەکەریم عەبدوڵڵا.

– وەڵامی پرسیارەکان، ڕەواندنەوەی کۆمەڵێك گومان سەبارەت بە ڕاستییەکانی ئیسلام، ن: دکتۆر کەریم ئەحمەد.

– عوسمانی کوڕی عەففان، کەسایەتی و سەردەمەکەی، ن عەلی موحەممەد سەللابی، و: حەمید موحەممەد عەبدوڵڵا.

– ئەلفبێی لاتینی.. زمانی ستاندارد، ئامادەکردنی: ڕەوشت محەمەد.

– بنەماکانی فیقهی ئیسلامیی(بەرگی یەکەم)، ن: د. صباح بەرزنجی.

– دەروازەیەك بۆ زانستەکانی قورئان، ن: ئیکرام کەریم.

– پەروەردەی منداڵان لە ئیسلام دا، ن:د. عەبدوڵڵا ناصح عەلوان، وەرگێڕانی: ناصح ئیبراهیم سازانی.

– مێژووی کوردەکانی جەزیرە ٤٤٧–٦٥٦ ك، ن: ئومێد بەهرامی نیا، وەرگێڕانی: عبدالرحیم معرفتی.